# زمانەوانی دەماری و ڕۆڵی N.L.P
# لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی
## (قوتابخانەکانی هەولێر بە نموونە)
## (هەڵێنجراو – مستل)


**ڕابەر فەرهاد حوسێن** **پ.ی.د. عاطف عەبدوڵلا فەرهادی**

rabarfarhad10@gmail.com atif.farhad@su.edu.krd

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر



**پوختە بە زمانی کوردی:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (زمانەوانی دەماری و ڕۆڵی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی ـ قوتابخانەکانی هەولێر بەنموونە)یە، هەڵگری پەیامێکە دەخوازێت برەو بە تواناکانی مامۆستایان بدات، چونکە مامۆستایان پێشەوای میللەتن، لەم ڕێگەیەوە کەرتی پەروەردە و فێرکردن گەشە بکات و نەوەیەکی زانستخواز و خاوەن دید و پەیام و ئامانج دروستبکات، هەموو ئەوانەش لە خزمەت بووژانەوەی کۆمەڵگای کوردیدایە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەم باسی زمانەوانی دەماری و هەندێک زانیاری لەبارەی مێشکی مرۆڤ و شەپۆلەکانی مێشک و هەردوو نیوە گۆی مێشک و ئەقڵی ئاگا و ئەقڵی نا ئاگا دەکەین. بەڵام لە بەشی دووەم باسی: ڕۆڵی (پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری) دەکەین لە بەرزکردنەوەی تواناکانی مامۆستایانی زمانی کوردی، هەروەها ئەو جیاوازییە دەخەینە ڕوو کە لە نێوان (٢) مامۆستا بەدی دەکرێت کە یەکیان خولی (پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری) دیتووە ئەوەی تریان شارەزایی لەو بوارە نییە. هەروەها باسی پلانی ستراتیژی تاکە کەس دەکەین بۆ مەبەستی گەشەدان بە تواناکانی مامۆستایان. باسی شێوازەکانی زانیاری وەرگرتن دەکەین، باسی بەهێزبوونی یادگە و

تەرکیز دەکەین. هەروەها باسی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەکەین لە نێوان مامۆستا و قوتابییان. باسەکە دەکەوێتە چوارچێوەی (زمانەوانی دەماری و دەروونی)، کە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی کارەکی.

**وشەی سەرەکی:** (زمانەوانی دەماری، مامۆستای خاوەن دید و پەیام، پەروەردەی مۆدێرن، بونیادنانەوە).

## پێشەکی

### ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (زمانەوانی دەماری و ڕۆڵی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری لە بونیادنانی مامۆستایانی زمانی کوردی، قوتابخانەکانی هەولێر بەنموونە)، لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پڕاکتیکیە لە بواری زمانەوانی دەماری و دەروونیدا، کە لقێکی زمانەوانی کارەکییە. مەبەستی سەرەکی نامەکە ئەوەیە مامۆستایان بتوانن بەشێوەیەکی کاراتر وانەکان بڵێنەوە و جێ پەنجەیان زیاتر بێت لەبەرەو پێشبردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بتوانن ببن بە ڕاهێنەرێکی بەتوانا و بگەن بەو ئاستەی کە ٨٠% زانیارییەکان لە مێشکی قوتابییەکان بچەسپێنن. تاک دەتوانێت ئاشنای مێشک و بەشەکانی مێشک و سیستەمی کارکردنی زمان بێت و لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری بگاتە عەقڵی بێ ئاگا و کار لەسەر خاڵە لاوازەکانی بکات و چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە لە کەسێکی شکستخواردوو بگۆڕێت بۆ کەسێکی سەرکەوتوو. مامۆستای بەڕێز ئەگەر ئاشنا بوو بە پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەرتر و کاراتر قوتابییەکانی فێربکات و لە کەمترین کات زۆرترین زانیارییان پێبدات و پەیڕەوی بنەمای (فێربوون بەکردار) بکات.

## ئامانج و گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

دەتوانین ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١ ـ گەشەپێدانی توانا و وزە و لێهاتوویيە شاراوەکانی مامۆستایان و قوتابییان، چونکە قوتابی ئاوێنەی مامۆستایە، مامۆستای سەرکەوتوو یەکسانە بەقوتابی سەرکەوتوو، بەمانایەکی تر گەشەپێدان بە توانای مامۆستایان یەکسانە بەگەشەپێدانی توانای قوتابییان.

٢ ـ گەشەدان بە کۆی کۆمەڵگا لەڕێگای گەشەدان بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن.

٣ ـ بەکارهێنانی ئەوپەڕی تواناکانی مێشک و سوودبینین لە ستراتیژیەتی کەسانی سەرکەوتوو، گوازتنەوەی کارامەییەکانی کەسانی سەرکەوتوو بۆ کەسانی ئاسایی بەمەبەستی سەرکەوتن و پێشکەوتنی کۆی کۆمەڵگا.

٤ـ چۆن بتوانین فێرکردنێکی نەزەری ناخۆش بگۆڕین بۆ فێربوونێکی بەتام و چێژ و کارا و سوودبەخش.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی (وەسفی شیکاری ) پەیڕەو کراوە.

## بەشی یەکەم:

## زمانەوانی دەماری دەکەوتە کوێی زمانەوانی گشتی؟

زانستەکان بە گوێرەی پێوران و نەپێورانی کەرەستەکانیان دەکرێنە دوو بەش : ئەو زانستانەی کەرەستەکانیان یەکەی پێوانیان هەیە پێیاندەگوترێت (زانستی سروشتی) وەک: فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی،.....هتد، بەڵام ئەو زانستانەی کەرەستەکانیان یەکەی پێوانیان نییە پێیان دەگوترێت (زانستی مرۆڤایەتی)، وەک: مێژوو، دەروونناسی،...هتد. لەم نێوانەش زانستێکی تر هەیە پێیدەگوترێت (زانستی کارەکی) ئەم زانستە سوود لە زانستە سروشتییەکان وەردەگرێت بۆ خزمەت و ڕاژەی مرۆڤ. پەیوەست بە زانستی زمان، زمانەوانی گشتی دەکرێتە دوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش: (زمانەوانی تیۆری، زمانەوانی کارەکی). زمانەوانی تیۆری لە خودی کەرەستەکانی زمان (دەنگ، واتا، دەستوور) و ئاستەکانی زمان دەکۆڵێتەوە. بەڵام زمانەوانی کارەکی دەبێتە دوو لق: لقە سەرەکییەکەی زمانەوانی کارەکی لە زمان دەکۆڵێتەوە وەکو یەک پاکێج، بۆنموونە : (پەیدابوونی زمان و دابەشبوونی زمان بۆ زارەکان و گۆڕان و هۆکارەکانی گۆڕانی زمان ،..هتد).

بەڵام لقە لاوەکییەکەی زمانەوانی کارەکی باسی پەیوەندیی زمان دەکات لەگەڵ زانستەکانی تردا. واتە زمان لە خزمەتی زانستەکانی تر و لە خزمەتی مرۆڤ بەکار دەهێنێت، وەک: (زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی دەماری و زمانەوانی دادوەری و زمانەوانی زیندەزانی ،....هتد). (حوسێن،٢٠٢١، زمانەوانی کارەکی، قۆناغی ماستەر). (زمان پەرجوویێکە لە پەرجووەکانی پەروەردگار،کە بە دروستکراوەکانی خۆی بەخشیوە، زۆریی ژمارەی زمان و زۆریی دیالێکتەکان نیشانەیەکە لە دەسەڵاتی خوای گەورە، لەوانەیە نهێنی پەرجووی زمان لە فرە جۆری زمانەکان و گۆڕان و گەشەسەندنی بەردەوامی زمانەکان بیت، زمان گەشە دەکات لەگەڵ گەشەی بیرو فکری خاوەنەکەی ) (ئەحمەد،٢٠١٩، ٦). خودای گەورە دەفەرموێت: ( ومن آیاته خلق السماوات والارض واختلاف السنتکم والوانکم ان في ذلک لآيات للعالمين) (الروم، ٢٢).

مرۆڤ لەبەر ئەو هەموو گرنگییەی کە زمان هەیەتی، بەردەوام هەوڵیداوە بزانێت ئەو ئامێرو ئامرازە گرینگە (زمان) چییە و چۆن کاردەکات و کەی پەیدابووە و چۆن پەیدابووە و سروشتی چۆنە؟ بۆیە بەردەوام لە زمانی کۆڵیوەتەوە. دیارە لێکۆڵینەوەکان لە یەک گۆشەنیگا نەبووە بەڵکو لە گۆشەنیگای جیا جیا لە زمانیان کۆڵیوەتەوە و بۆیە زاناکان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ زمان کردووە. ( زانایان کۆک و هاوڕا نین لەبارەی زمان و چەمکی زمان و پێناسەی زمان، بەڵکو پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ زمان کردووە، هۆکاری ئەم فرەجۆرییە لە چەمک و پێناسەی زمان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمان پەیوەندی هەیە بە زۆربەی زانستەکانی تر) (بن شهداء،٢٠١٥،٨٤).

(هێنری سویت ) دەڵێت : ( زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگای دەنگ، کە لە وشە پێکدێت ).

(ئۆڵمان) دەڵێت : (زمان سیستەمێکی هێمایی دەنگییە لە بیری کەسی کۆمەڵ تۆمار کراوە).

(مارتنت) دەڵێت : ( زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکار دێت و دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆڕفێم) کە هەریەکەیان خاوەنی واتا و فۆڕمن). (فەرهادی،٢٠٢١، وانەکانی دەنگسازی، قۆناغی ماستەر). (چۆمسکی) دەڵێت: ( زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریاندەبڕێت). (بلۆک و تراگەر) دەڵێن: (زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکار دێت).

## پێکهاتەی زمان:

زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندیکردن و لەیەکتر گەیشتنی مرۆڤەکانە. کەرەستەکانی زمان بریتین لە (دەنگ و واتا). زمان بریتییە لە (دەنگ + واتا) X دەستوور.

هەم دەنگ و هەم واتا ڕەمەکی نین، بەڵکو بە گوێرەی دەستوور و یاسا ڕێکخراون.

**ئاستەکانی زمان :** لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە و بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە زمان ورد و زانستییانە بێت، زمانەوانان هەوڵیانداوە بۆ چەند ئاستێک دابەشی بکەن: (ئاستی فۆنەتیک، ئاستی فۆنۆلۆژی، ئاستی مۆرفۆلۆژی، ئاستی ڕستەسازی، ئاستی سیمانتیک، ئاستی پراگماتیک ) زمانەوانان بە گشتی لە سەر ژمارەی ئاستەکان ڕێک نەکەوتوون، بەڵام ئەوەی زمانەوانان زیاتر جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە کە زمان بۆ سێ ئاست جیا دەکەنەوە هەر یەکەیان لە دوو ئاستی تر پێکدێت وەک : دەنگسازی ( فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی). ڕێزمان ( وشەسازی، ڕستەسازی).

واتاسازی ( سیمانتیک، پراگماتیک).

## هەندێک زانیاری دەربارەی کۆئەندامی دەمار:

یەکێکە لە گرنگترین کۆ ئەندامەکانی مرۆڤ و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کار و فرمانی سەرجەم کۆئەندامەکانی تری لەشەوە هەیە و زۆرجار بەبێ فرمان و ڕێنمایی ئەو کۆئەندامە، کارو چالاکییەکانی کۆئەندامەکانی تر مەحاڵ دەبێت. (بۆچی باسی کۆئەندامی دەمار دەکەین؟ چونکە کۆئەندامی دەمار کۆنترۆڵی هەموو ئەندامەکانی لەش دەکات، هەڵدەستێت بە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان لەشی مرۆڤ و جیهانی دەرەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە لێکۆڵینەوە لە کۆئەندامی دەمار بووەتە جێگای بایەخی زۆربەی زانایان بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێک لە نهێنییەکان، هەر ئەوەشە وایکردووە کۆئەندامی دەمار پەیوەندی هەبێت بەچەندین زانستی جۆراوجۆر، لەوانە: زانستی زمان و زانستی دەروونی دەماری و زانستی توێکاری و شیکاری،....هتد. زانستێکی نوێ بە دەرکەوت کە پەیوەندیدارە بە زمان و بە کۆئەندامی دەمار، ئەویش زمانەوانی دەمارییە، کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان مێشک و ئەو کار و پرۆسانەی لەناو مێشک دەگوزەرێت کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمان، لە ڕاستیدا زمان پرۆسەیەکی هۆشەکییە و کۆ ئەندامی دەمار پێی هەڵدەستێت کۆ ئەندامی دەمار ئامێرێکە زمان دروستدەکات). (ئەحمەد،١٤١،٢٠١٩).

گرینگە مرۆڤ شارەزایی باشی لە مێشک و بەشەکانی مێشک و چۆنیەتی کارکردنی مێشک هەبێت بۆئەوەی زۆرترین تواناکانی مێشکی بەکار بهێنێت. (بۆچی مرۆڤ تەنها بەشێکی کەم لە تواناکانی مێشکی بەکار دەهێنێت؟ یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان تاوەکو ئەم دواییانە ئەوەبووە کە ئێمە زانیارییەکی کەممان هەبوو لەبارەی مێشک و چۆنییەتی کارکردنی. بەشێکی زۆرلە گرفتەکان کە دێتە ڕێگامان لەکاتی بەکارهێنانی تواناکانی مێشکمان لە کەم توانایی مێشکمان سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو زیاتر لە زانیاریی ناتەواو لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تواناکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت). (بۆزان، ٢٠١٢، ٢٧).

**بەشەکانی کۆ ئەندامی دەمار:**

لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت : ١ ) کۆ ئەندامی دەماری ناوەندی ( الجهاز العصبي المركزي).

٢) چێوە کۆ ئەندامی دەمار ( الجهاز العصبى المحيطى).

کۆئەندامی دەماری ناوەندی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت، ئەوانیش بریتین لە :

١) مێشک ٢) دڕکە پەتک.

چێوە کۆئەندامی دەماریش دەبێتە دوو بەش: (قەرەچەتانی، ٢٠١١، ٥٨ _ ٧٩)

١) کۆئەندامی لەشە دەمار (الجهاز العصبي البدني).

٢) کۆ ئەندامی دەماری سەربەخۆ (الجهاز العصبي المستقل).

**مێشک (الدماغ)** : بەهێزترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە، کێشەکەی نزیکەی سێ پاوەند دەبێت، مێشک لە سێ بەش پێکهاتووە: ١- مێشك (المخ -Cerebrum). ٢. مێشکۆکە (المخيخ -Cerebellum). ٣. قەدی مێشك (جذع الدماغ - Brain stem) (علم النفس العصبي، ٢٠٠١،١١). (بوخميس،٢٠١٧، ١١٨).

( مێشک پێکهێنەری یەکەمی کۆ ئەندامی دەماری ناوەندییە، لە مادەیەکی خۆڵەمێشی و ڕەساسی پێکهاتووە لە دیوی دەرەوە، بەڵام ڕووکاری ناوەوەی

مادەیەکی سپییە، بە پێچەوانەی دڕکە پەتک، کە ڕووکاری دەرەوەی سپییە و دیوی ناوەوەی ڕەساسییە). ( ئەحمەد،٢٠١٩، ١٨٥).

(مێشک پێکهاتەیەکی دەمارییە، لەدیوی ناوەوەی کەللەی سەر پارێزراوە، دابەش دەبێت بۆ سێ بەشی سەرەکی، ئەوانەش: مێشک و مێشکۆکە و، قەدی مێشک، هەریەکێک لەو بەشانە بەگوێرەی ڕۆڵ و ئەرکیان دەبنە چەندین بەشی بچووکتر).( حنصالي،٢٠١٥،٦ ؛ دویدار، ٢٠٠٦،١٣٤-١٣٥ ).

**١) مێشک (المخ)** (مێشک بەشی زۆری جومجومە پڕدەکاتەوە، ئەرکی سەرەکی بیرکردنەوە و چارەسەری کێشە و بیرکردنەوە و هەستە و کۆنترۆڵی جوولەش دەکات. مێشک دەبێتە دوو بەش: نیوەی ڕاست و نیوەی چەپ. ) (بوخمیس،٢٠١٧، ١١٨). (مێشک گەورەترین بەشە لە نێو دەماغ، لە دوو نیوە گۆ پێکهاتووە، لە باری درێژی بۆ ئەو دوو نیوە گۆیە دابەش بووە، هەریەکە لەو دوو نیوە گۆیە بۆ (دانە/ پارچە/فصوص ) بچووکتر لەخۆیان دابەش دەبن و چەندین درزی بچووک ئەو پارچە بچووکانە لەیەکتر جیادەکەنەوە، ئەم پارچە بچووکانە بەگوێرەی ئەو ئێسکانەوە ناو دەبرێن کە پێیەوە بەندن، ئێسکەکان دەکەونە ژێرەوەی کەللەی سەر. ڕووکاری دەرەوەی مێشک داپۆشراوە بە ژمارەیەکی زۆر خانەی (پێچاوپێچ / تلافیف)، کە پەیوەندیەکی تەواو لەنێوانیان هەیە. دیوی دەرەوەی مێشک پێکهاتووە لە مادەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کە بریتییە لە چەندین نیرۆنی گەیەنەری کاریگەر، بەڵام دیوی ناوەوەی لە مادەیەکی سپی پێکهاتووە، کە تەنها مادەیەکی گەیەنەرە، هەریەکە لەم خانە پێچاو پێچانە دوو فەرمانی هەیە، فەرمانێکی هەستەکی (وەرگرتنی ورووژێنەرەکان) و فەرمانێکی جوولەیی (پەرچەکردارەکان) (حنصالي،٢٠١٥، ٦ ؛ دویدار، ٢٠٠٦، ١٣٤-١٣٥ ).

### توێکڵی مێشک:

بەشی سەرەوەی مێشک (الدماغ) کە وەک پەردەیەک چواردەوری مێشکی داوە، پێیدەگوترێ (توێکڵی مێشک) یان سەرپۆش و سەرتوێژی مێشک، گرینگیی

خۆی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و زۆربەی پرۆسە عەقڵییەکان لەوێدا ڕوودەدەن و زۆر لە زانایان بە سەنتەر و مەڵبەندی بڕیار وەرگرتن و پلاندانانی دادەنێن و هەر لە ڕێگەی ئەووەوە مرۆڤ دەتوانێت وەک بوونەوەرێکی عاقڵ خۆی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەرەکەیدا بسازێنێت. سەرەڕای گلدانەوەی زانیارییەکان، بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی زمان و قسەکردن و تێگەیشتنی هێماو وێنە مۆسیقییەکان و گوێگرتن و تام و چێژوەرگرتن لە مۆسیقا. (قتامی یوسف و عدس عبدالرحمن، ٢٠٠٢، ٤٨ ؛ حەمەد ،٢٠١٤، ٢٦).

دەتوانین بڵێین توێکڵی مێشک، وەک یەکەیەکی عەقڵی لە مێشکدا ئەرکەکان ئەنجام دەدات لەڕێگای ئەو زانیارییانەی کە لەناو لەش و دەرەوەی لەش بۆی دێت، زۆربەی کار و چالاکییەکان ڕادەپەڕێنێت.

**(مێشکۆکە -المخیخ):**

( مێشکۆکە لە ڕووی قەبارەوە دووەمین پێکهاتەی دەماغە، یەکێکە لە گرینگترین مەڵبەندەکان سەبارەت بە جووڵەی لەش، کۆنترۆڵی جووڵەی لەش دەکات، مێشکۆکە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش) (دویدار، ٢٠٠٢، ١٥٦ ؛ حنصالي، ٢٠١٥، ٨). (مێشکۆکە دەبێتە دوو بەش: نیوەی لای ڕاست و نیوەی چەپ. مێشکۆکە ناوەندی کۆنترۆڵکردنی جووڵەیە). (بوخمیس،٢٠١٧، ١١٨).

**قەدی مێشک ( جذع الدماغ):**

ئەم بەشەی مێشک بەرپرسە لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەندێک لە فرمانە زندەگیەکانی لەشی مرۆڤ بۆ نموونە: هەناسەدان و ساردی و گەرمی لەش و ئاگایی، هەروەها هەڵدەستێت بە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مێشک لەلایەک و مێشکۆکە و دڕکەپەتک لەلایەکی ترەوە. (بوخمیس، ٢٠١٧، ١١٨). دوو سەنتەری گرینگ لەم بەشەی مێشکدا هەن، کە ئەوانیش تایبەتن بە کۆ ئەندامی دەماری سەربەخۆ و بریتین لە:١ ) سەنتەری هەناسەدان ٢) سەنتەری لێدانی دڵ.

(اغا، ١٩٨١، ٧٠؛ حەمەد ،٢٠١٤، ٢٦ ).

**دڕکە پەتک ( الحبل الشوکي):**

ئەم بەشەی کۆ ئەندامی دەماری ناوەندی درێژکراوە و تەواوکەری مێشکە و دەکەوێتە ناو بڕبڕەی پشتەوە، واتە ئەگەر مێشک بە گوڵە بەڕۆژە بەراورد بکەین، ئەوا قەد و باڵای گوڵە بەڕۆژەکە دەبێت بە دڕکە پەتک و گوڵەبەڕۆژە و دنکەکانیشی دەبن بە مێشک. لە پێکهاتە و ئەرکدا دڕکە پەتک سادە و ساکارترە لە مێشک و ئەرکی سەرەکی پاراستنی لەشە لە ڕێگای بە ئاکام گەیاندنی ژمارەیەک پەرچە کردار، سەرەڕای بەشداربوون و هاوکاریکردنی مێشک لە بە ئاکام گەیاندنی هەندێ جووڵە و چالاکی بەمەبەست. (دڕکە پەتک پێکهاتەیەکی درێژی ستوونییە، ئەستوورییەکەی بە قەدەر پەنجەی بچووکی دەست دەبیت، فەرمانە سەرەکییەکەی بریتییە لە وەرگرتنی زانیارییەکان، کۆکردنەوەی هەستەکان لە لەش و ناردنی بۆ مێشک، گەیاندنی پەیامە دەمارییەکان لە مێشکەوە بۆ ئەندامە کاراکانی لەش، بۆ نموونە: ڕژێنەکان و ماسوولکەکان، ئەم گەیاندن و گوێزانەوەش لە ڕێگای جووڵە دەمارییەکان بە ئاکام دەگات، پارێزگاری لە مێشک دەکات بە هۆی ئێسکەکانی بڕبڕەی پشت. لەڕووی پێکهاتەوە خانە دەمارییەکانی دڕکە پەتک لە دیوی دەرەوە لە مادەیەکی سپی پێکهاتووە، لە دیوی ناوەوەش لە مادەیەکی خۆڵەمیشی پێکهاتووە، هەر ناوچەیەک لە دڕکە پەتک بەرانبەرە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لە لەش، کۆنترۆڵی جووڵە و هەستەکان دەکات کە تایبەتە بەو ناوچەیە، بۆنموونە: پێست و ماسوولکەکان و ئەندامەکانی ناوەوە) ( الشقيرات، ٢٠٠٥، ٦٤ ). ( لە دڕکە پەتک ٣١ جووتە دەمار بە هەموو لایەکی لەش بڵاو دەبێتەوە، پێیاندەوترێت دڕکە دەمار، بۆ جیاکردنەوەیان لەو ١٢ جووت دەمارەی کە لە بنکەی دەماغ جیا دەبێتەوە، ئەوانیش بە هەموو لایەکی لەش بڵاو دەبنەوە بەشێوەیەک دەمارەکانی لای ڕاست لە بەشی چەپی لەش و دەمارەکانی لای چەپ لە بەشی ڕاستی لەش بڵاو دەبنەوە، شایانی باسە لەڕێگای مادە سپییەکە پەیوەندییەک دروست دەبێت لەنێوان مێشک و دڕکە پەتک، لە هەمان کاتدا مادە ڕەساسیەکە مەڵبەندی پەرچەکردارە بچووک و سادەکانە، بۆ نموونە چاوترووکان کاتێک تەنێک یان ڕووناکییەک نزیکی دەبیتەوە) (حنصالي،٢٠٠٥، ١٤).

**عەقڵی بە ئاگا و عەقڵی بێ ئاگا:**

عەقڵی بە ئاگا و عەقڵی بێ ئاگا ( هەست و نەست) دوو عەقڵی جیاوازنین، بەڵکو هەر هەمان عەقڵە بەڵام پەیوەندی بە شەپۆڵەکانی مێشک هەیە، کاتێک شەپۆڵەکانی مێشک لە باری (گاما و بێتا) بێت ئەوا پێیدەوترێ عەقڵی ئاگا و کاتێک شەپۆڵەکان لە باری ( ئەلفا و سێتا و دەلتا) بێت، ئەوا پێیدەوترێت عەقڵی نا ئاگا. ڕاهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی دەڵێن نەست کۆگایەکە ئەو بیروباوەڕە قووڵانەی تێدا کەڵەکە بووە کە مرۆڤەکان بە درێژایی ژیانیان بەو باوەڕانە گەیشتوون. خۆشحاڵ ئەوکەسەیە کە بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردەکراوە وکەسێکی گەشبین و ئەرێنییە وخاوەنی خەسڵەت و ڕەفتار و خووی ئەرێنییە، ئەوا ژیانی بەبێ کێشەو ئاستەنگی مەزن دەچێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر کەسێک تێڕوانین و بیروباوەڕەکانی نەرینی بوون، ئەوا دووچاری ئاریشەو ئاستەنگی زۆر دەبێت لە ژیان. لێرەدا بەباشی دەزانم نموونەیەکی خەیاڵی بهێنمەوە، گریمان دوو ئاژەڵمان هەیە کە لەڕووی هێزەوە لەیەکتر جیاوازبن، وەک فیل و سەگ، ئێستا گریمانە بکە ئەگەر هەردووکیان خواستیان وابوو بە هەمان ئاراستە بڕۆن ئەوا هیچ کێشە نابێت، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان ویستی بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئەوەی تر هەنگاوبنێت و هەردووکیان بەیەکتر بەسترابونەوە، ئەوا بێگومان بەهێزەکەیان سەردەکەوێت. ئەم نموونە بۆ مرۆڤیش هەر هەمان شتە، واتا ئەگەر هەست و نەست هەمان خواست و ویست و ئاڕاستەیان هەبوو ئەوا کەمتر لەمپەر دێتە ڕێگات، بەڵام ئەگەر نەست پڕۆگرام کرابوو بە کۆمەڵێک بیروباوەڕی نەرێنی ئەوا کەسەکە دووچاری ئاستەنگ دەبێت لە ژیاندا و ناتوانێت بەئامانج و ئاواتەکانی بگات. بەڵام ڕاهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی دەتوانن بە بەکارهێنانی چەند تەکنیک و ڕاهێنانێک بگەنە عەقڵی بێ ئاگا و باوەڕە نەرێنییەکان بگۆڕن بۆ باوەڕینی ئەرێنی و سوودبەخش. واتا سەرەتا کار لەسەرئەوە دەکرێت شەپۆڵەکانی مێشکی کەسەکە لە باری (گاما و بێتا) دابەزێت بۆ باری ( ئەلفا و سێتا و دەلتا)، جا چ لەڕێگای تەکنیکی هەناسەدان بێت، یان دە خولەک بەر لەنووستن، یان دە خولەک لەدوای لەخەوهەستان مرۆڤ بەشێوەیەکی ناخود ئاگا

شەپۆلەکانی مێشکی دادەبەزێت و خاودەبێتەوە. ئا لەوکاتەدا لەڕێگای دووپاتکردنەوەی وشەو رستەو دەستەواژەی ئەرێنی، یان لەرێگای وێناکردن ڕەفتارە چەوتەکان بگۆڕین بۆ ڕەفتاری ڕاست و ویستراو، بەڵام دەبێت بۆ ماوەیەک لەسەر ئەو راهێنانە بەردەوام بین. شایانی باسە عەقڵی بێ ئاگا جیاوازی ناکات لەنێوان ڕاستی و ناڕاستیدا، وەک ئامێری کۆمپیوتەر بەکارهێنەرەکە چ ڕستەو دەستەواژەیەک بنووسێت لەسەر شاشەکە هەر هەمان ڕستە بەدەردەکەوێت، مەرج نییە ڕستەکە لۆجیکی و دروست بێت. مرۆڤ کاتێک پەیامی ئەرێنی بە نەستی دەدات ئەوا نەست وەک حەقیقەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات،بەڵام ئەگەر شەپۆڵەکانی مێشکی کەسەکە لە باری (گاما و بێتا)، ئەوا عەقڵی ئاگا بەرهەڵستی دەکات و لەگەڵ لۆجیک پێوانەی دەکات، چونکە عەقڵی ئاگا جیاوازی لەنێوان ڕاستی و ناڕاستی دەکات. شایانی باسە دووپاتکردنەوە کاریگەری بەرچاوی هەیە لە پرۆگرامکردنی کەسەکان، بۆ نموونە: کە سەرەتا فێری شوفێری دەبی زۆر بە وریاییەوە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕی و تەواوی هەستەکانت بەکاردەهێنیت، بەڵام دوای چەندین ساڵ کە زۆر شوفێریت کرد دەتوانی بە مۆبایل قسە بکەیت و لەهەمان کات شوفێریش بکەیت واتە بەشێوەیەکی ناخودئاگا کارەکان ئەنجام دەدەیت. (عەقڵی بێ ئاگا، هێزێکی بێ لایەنە دەتوانێت ژیانی مرۆڤ بەرەو باشتر یان خراپتر بگۆڕێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە عەقڵی ئاگاییەوە بۆی دێت و لەو شوێنە بۆی جێگیر دەبێت. (تکریتی، ٢٠٠٣، ٢١٦).

(ئەقڵی پەنهان بە پێنج فرمانی سەرەکی هەڵدەستێت کە ئەوانەن: ١ـ خەزنکردنی زانیاری و یادەوەرییەکان. ٢ـ جێگای سۆزو هەستەکانە و ئەویش مەیل و ئارەزووەکان ئاڕاستە دەکات. ٣ ـ کردارە خۆنەویستەکان ڕێکدەخات. ٤ـ ئەقڵی پەنهان تۆماری خووەکانە جا باش بن یان خراپ بن. هەروەها شوێنی کارامەییەکانی مرۆڤ. ٥ـ کۆنترۆڵی وزەی جەستەیی و وزەی دەروونی دەکات) (تکریتی، ٢٠٠٨، ٢٩٢). (عەقڵی نائاگا خووە باش و خراپەکان تۆمار دەکات، وەک: ( شوفێری، دارتاشی، نووسین، چنین،...هتد). سەرجەم شارەزاییەکانی پیشەیی و ناپیشەییەکان.

(تکریتی، ٢٠٠٣، ٢١٥ ـ ٢١٦). (عەقڵی نائاگا کردارە خۆ نەویستەکان کۆنترۆڵ دەکات و ڕێکیان دەخات وەک: هەناسەدان، لێدانی دڵ، هەرسکردن، ڕێکخستنی سووڕی خوێن، گەشەکردنی خانەکانی لەش، پلەی گەرمی. (الثابت ،١٩٨٩، ٢٥).

**لای ڕاست و لای چەپی مێشک:**

مێشک لە دوو نیوە گۆ پێکهاتووە. یەکیان لای ڕاست و ئەوەی تریان لای چەپ کە بە تۆپەڵە لیمفەلوولەیەک پێک بەستراونەتەوە کە ئەمەش تۆڕێکی دوو ملیۆن ڕیشاڵەییە. بە شێوەیەکی گشتی نیوەی گۆی چەپی مێشک سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانی لای ڕاستی لەشی مرۆڤ دەکات، وە نیوە گۆی ڕاستی مێشک سەرپەرشتی کارو چالاکییەکانی لای چەپی لەشی مرۆڤ دەکات.

(پێدەچێت هەردوو نیوە گۆی مێشک لە ئەداکردنی زیندە فەرمانەکانیاندا وەک یەک بن، هەردووکیان ناوچەی جووڵە و ناوچەی هەستەکان و ناوچەی بینین و ناوچەی بیستنیان تێدایە. سەرباری ناوچەی یەکگرتوو، بەڵام هەریەک لەم نیوانە فەرمانی دەروونیی تەواو جیاواز لە فەرمانەکانی نیوەکەی تریان هەیە. تێبینی کراوە بۆ هەندێک حاڵەتی توندی ( پەرکەم) چارەسەر و دەرمان سوودیان نییە، بۆیە پزیشکەکان هەوڵیان داوە (جسم الثفینی) ببڕن. ئەو پردەی دوو نیوە گۆی مێشک بەیەکەوە دەبەستێت، ئەوەش دەبێتە هۆی وەستانی گوێزانەوەی نۆرەکانی پەرکەمەکە لە یەکێک لە نیوەکانەوە بۆ نیوەکەی تر. بەدوای ئەوەشدا بڵاوبوونەوەی بەبەشەکانی تری مێشکدا ڕادەگرێت) (تکریتی، ٢٠٠٨، ٣٣٤). ڕاهێنەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی کار لەسەر ئەوە دەکەن هەردوو نیوەگۆی مێشک بەکاربهێنن بۆپاراستن و سەیڤکردنی زانیارییەکان، ئەوەش بەمەبەستی بەهێزبوونی یادگەو مانەوەی زانیارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆئەوەی لەکاتی پێویستیدا بە ئاسانترین شێوە دەستی بە زانیارییەکان بگات، بۆ ئەو مەبەستە واچاکە زانیارییەکان بکەین بە وێنە و وێنەکان وەک زنجیرە بەیەکەوە ببەسترێتەوە. (لای چەپی مێشک بەرپرسە لە نووسین، ئاخاوتن، خوێندنەوە، بیرکردنەوە، لێکدانەوەی پڕۆسەی شڕۆڤەکردن، وشە

دروستکردن، تێگەیشتن، لێکدانەوە، ژمارەکان، ڕیزبەندی، خشتە و ژمارەکان، بەدوای یەک هاتن و ڕێکخستن) (بۆزان، ٣٥،٢٠١٢).

(بەشێوەیەکی گشتی بەشی لای چەپ لۆژیککارە، گومانی تێدا نییە کە خوێندکاران کاتێک دەتوانن سوود لە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیان ببینن و بەتەواوی زانیارییەکان وەربگرن کە هاوسەنگبن لە بەکارهێنان و بەگەڕخستنی هەریەک لە بەشەکانی لای چەپ و لای ڕاست، ئەگەرنا ناتوانن وەک پێویست بەهرەمەندبن لە زانیاری و داهێنانکاریدا ) (مستەفا ،٢٠١٣، ١٤٦ ـ ١٤٨). بەڵام( لای ڕاستی مێشک توانای ناسینەوەی قەبارەی شتەکان، نازارەکی، دەنگە ژینگەییەکان، توانای بینین، ناسینەوە و توانای بەبیرهاتنەوەی ئاوازەکان، وێنە و خەیاڵ، ڕاهێنان و وێناکردن، دیدگا، داهێنان، ئەندێشەکاری، ڕێساکان، مۆسیقا، هونەرو وێنەکێشان، ئەدەب و هونەر و کێش و سەروا) (حەمەد، ٢٠١٤، ٩٥).

( هاوئاهەنگی، ڕەنگەکان، خەیاڵ، زیندەخەون، مەوداکان، مۆسیقا و چالاکی تری هاوشێوە) (بۆزان، ٢٠١٢، ٣٦).

## شەپۆڵەکانی مێشک:

مێشکی مرۆڤ بەگشتی پێنج شەپۆڵ دەردەکات ئەوانیش ( گاما، بێتا، ئەلفا، سێتا، دەلتا)، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بە چوار لەو شەپۆڵانە دەکەن، کە ئەوانەن: ( بێتا، ئەلفا، سێتا، دەلتا). واتە کەمتر ئاماژە بە ( گاما) دەدرێت. هۆکارەکەی ئەوەیە مرۆڤ زۆر بەکەمی دەگاتە حاڵەتی ـ گاما، کە ئەوپەڕی هۆشیاریی مرۆڤە. مرۆڤ ١٠٠% حضوری هەیە و لەو حاڵەتەدا مرۆڤ هەر بڕیارێک بدات دەیپێکێت و هەر قسەیەک بکات جێی خۆی دەگرێت و کاریگەری تەواو دروست دەکات. وەکاتێک مێشک دەگاتە ئەو قۆناغە زۆر ناخایەنێت و بەڵکو زوو شەپۆڵەکانی مێشکی دادەبەزێتەوە بۆ باری بێتا.

ـ باری بێتا یان شەپۆڵی بێتا لەو کاتەیە کە مرۆڤ لە باری ئاگاییدایەو خەریکی ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆیتی و خەریکی بەسەربردنی کاروبارەکانی ڕۆژانەی ژیانە و لەنێو جەنجاڵییەکانی ژیاندایە.

ـ باری ئەلفا، یان شەپۆڵی ئەلفا گوزارشتە لە حاڵەتی ئارامی و حەوانەوەی دەروونی، ئەو کەسانەی تێڕامان دەکەن دەتوانن تەنها بە چاو داخستنێک بگەنە ئەو ئارامبوونەوەیە. باری ئەلفا لەو کاتەیە کە مرۆڤ دەچێتە ناو سروشت و کەمێک لە جەنجاڵییەکان دووردەکەوێتەوە.

ـ باری سێتا، یان شەپۆڵی سێتا واتە باری زیندەخەون یان تێڕامان لەو قۆناغەدا مرۆڤ بە تەواوی دەچێتە باری بێ ئاگایی و زۆر جیاوازی ناکات لە نێوان خەیاڵ و حەقیقەت.

ـ باری دەلتا: لەو قۆناغەدا مرۆڤ دەچێتە خەوی قووڵ. عەقڵ دەچێتە باری بێ ئاگایی.

شایانی باسە منداڵ تاوەکو تەمەنی شەش ساڵان زۆربەی کاتەکانی لە نێوان حاڵەتی دەلتا و حاڵەتی سێتادایە بۆیە کاتێک بووکەڵەیەکی پێدەدەی دەبینین قسەی لەگەڵ دەکات و دەیدوێنێت و لەگەڵی دەژی. هۆکارەکەی ئەوەیە منداڵ لە نێوان حاڵەتی دەلتا و سێتادایە و جیاوازی ناکات لە نێوان حەقیقەت و خەیاڵ. بۆیە کاتێک دەمانەوێت خوویەکی سلبی بگۆڕین بۆ خووەکی ئەرێنی دەبێت سەرەتا شەپۆڵەکانی مێشکمان دابەزێنین بۆ باری ئەلفا و سێتا.

## بەشی دووەم:

## پەیوەندیی نێوان پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری (N.L.P ) و پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەرزکردنەوەی توانای مامۆستایانی زمانی کوردی

١) مامۆستایەک کە خولی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت بەوە جیا دەکرێتەوە لەگەڵ مامۆستایەکی تر، مامۆستای یەکەم دەبێتە ڕاهێنەر، بەڵام ئەوەی دووەمیان دەبێتە موعەلیم و مودەریس. ئێستا با بزانین جیاوازییان چییە:ـ فێرکردن (التعلیم): بریتییە لە گوازتنەوەی زانیاری لە مامۆستاوە بۆ قوتابی، بەڵام ڕاهێنان (التدریب): لەسەر چوار بنەما دامەزراوە، کە بریتین لە: (١ گوازتنەوەی زانیاری. ٢) گەشەپێدان بە کارامەییەکانی قوتابییان. ٣) گۆڕینی سۆزو قەناعەت. ٤) گۆڕینی ڕەفتار.

بەگوێرەی هەڕەمی بلۆم بۆ چەسپاندنی هەر وانەیەک پێویستمان بە سێ شتە ئەوانیش: (سۆزو قەناعەت، زانیاری، کارامەیی) کێشەی مامۆستای ئاسایی ئەوەیە تەنها جەخت لەسەر زانیاری دەکاتەوە بۆیە بەکاتێکی کەم زۆرترین زانیاری دەداتە قوتابییەکان، بەڵام قوتابییەکان زوو لەیادیان دەچێتەوە و هیچ لێیەوە سوودمەند نابن و حەزیان بەوانەکەی نییە. بەڵام مامۆستایەک کە خولی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت هەوڵدەدات ئەم سێ بنەمایە بەیەکەوە گرێ بدات وەک لە تەوەرەکانی دواتر زۆر بەوردی و هەنگاو بەهەنگاو باسی لێوە دەکەین.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی (تۆنی بۆزان) ڕێژەی مانەوەی زانیاری ٧%، بەڵام ڕێژەی مانەوەی زانیارییەک ئەگەر بە قەناعەت و حەزەوە وەرتگرتبێت دەگاتە ٣٨%، بەڵام ڕێژەی مانەوەی کارامەیی ٥٥%، زۆرجار قوتابییان دەپرسن مامۆستا بۆچی ئێمە فلان بابەت دەخوێنین؟؟ ئەو بابەتە سوودی چییە؟ مامۆستای ئاسایی لەباشترین حاڵەت وەڵامیان دەداتەوە بەوەی کە ئەوە مەنهەجە و بەدەست ئێمە نییە!!! لەو حاڵەتە قوتابی دەرگای قەناعەت دادەخات و تەنها وەکو شتێکی بێزارکەر و ناخۆش وانەکە دەخوێنێت بۆیە هیچ سوودی لێ نابینێت و لەبیری دەچێتەوە. بەڵام مامۆستای

سەرکەوتوو هەوڵدەدات بەر لە هەموو وانە وتنەوەیەک کار لەسەر قەناعەتی قوتابییان بکات.

٢) مامۆستایەک کە خولی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت جەخت لەسەر فێربوونی بەکردار دەکاتەوە، نەک تەنها ئەزبەرکردن. چونکە هەر شتێک کە بەکردار فێری بوویت زۆر ئەستەمە بیرت بچێتەوە. بۆنموونە کەسێک شوفێری بزانێت، بیری ناچێتەوە ئەگەر بۆماوەی چەندین ساڵیش ئۆتۆمبێلی لێ نەخوڕیبێت. بۆ پاسکیل و مەلەوانیش هەر بەهەمان شێوە دروستە. یان ئەگەر مناڵێک بهێنین و تەنها بەشێوەیەکی نەزەری هەموو هەنگاوەکانی مەلەوانی بۆ ڕوون بکەینەوە پاشان مناڵەکە بخەینە ناو ئاوی مەلەوانگەیەک ئایا مناڵەکە دەزانێت مەلەوانی بکات؟؟؟ بێگومان نەخێر!!!! بەڵکو دەبێت بەکردار فێری بکەین. مامۆستایەک کە شارەزایی پرۆگرامی زمانەوانی دەماری بێت هەوڵ دەدات پەیڕەوی فێربوون بەکردار بکات. چونکە لەوە تێدەگات مرۆڤ ئەو شتانەی کە گوێبیستی دەبێت لەبیری دەچێتەوە، کە دەیبینێت بە بیری دێتەوە، بەڵام کە بۆخۆی بەدەستی خۆی ئەنجامی دا فێری دەبێت و زۆر بە ئەستەم لە بیری دەچێتەوە. جا بەهەر ڕێگایەک بێت شێوازەک دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی فێربوونەکەی بەکردار بێت، بۆنموونە : ( لە ڤایبەر گرووپ چاتێک دروست دەکات و هەموو قوتابییان و بەخێوکاری قوتابییان تێدا ئەندام دەبن و داوا لە قوتابییان دەکات هەر بابەتێک کە لە قوتابخانە خوێندیان بچنەوە ماڵ هەر قوتابییەک ببێت بە مامۆستا و وانەکە ڕاڤە بکات و گرتەی ڤیدیۆکەی لە گرووپی ڤایبەرەکە بڵاو بکاتەوە)، (سیمینار، ڕاپۆرت، نەشرە) بە قوتابییەکان ئامادە دەکات.

٣) دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کەوا گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوێ دەستپێدەکات؟ ئایا لە قوتابخانە؟ یان لە ماڵەوە؟ یان لە سیستەم؟ یان لە خودی مامۆستا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بە بۆچوونی ئێمە کە ماوەی ١٥ ساڵە لە کەرتی پەروەردە کاردەکەین و لە شوێنی جیا جیا و ناونیشانی وەزیفی جیا جیا خزمەتمان کردووە، پرۆسەی گۆڕانکاریەکە لە خودی مامۆستا دەست پێدەکات، چونکە مامۆستای سەرکەوتوو یەکسانە بە قوتابی سەرکەوتوو. قوتابی ئاوێنەی

مامۆستایە. بۆیە لە پەروەردەی نوێدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ساڵانە مامۆستا دەبێت پلانی گەشەپێدانی خۆی پێشکەش بکات. ئێمە دوو جۆرە مامۆستامان هەیە: مامۆستای خاوەن کار و مامۆستای خاوەن پەیام. بەشێک لە پەروەردەی نوێ کار دەکات لەسەر پلانی گەشە پێدانی کەسیی، مامۆستا دەبێت ساڵانە پلانی گەشە پێدانی کەسیی خۆی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی مامۆستای کارا و خاوەن پەیام جیا بکرێتەوە لە مامۆستای ناکاراو خاوەن کار.

٤) مامۆستای سەرکەوتوو هاوشێوەی ڕاهێنەری سەرکەوتووە بەگوێرەی تایبەتمەندی یاریزانەکان بڕیار دەدەن کام یاریزان لە کام شوێن یاری بکات. ئەرکی مامۆستاش ئەوەیە شارەزایی لە ناسینی جۆری کەسایەتییەکان هەبێت و قوتابییەکانی بناسێت و بزانێت کام قوتابی لە کام بوار زیرەکە، هەر قوتابییەک خاڵی بەهێزی کامەیە و خاڵی لاوازی کامەیە. ئەگەر مامۆستا خۆی نەناسێت چۆن بەرانبەرەکەی دەناسێت. پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری زۆر یارمەتی مامۆستا دەدات لەم بوارە. مامۆستای شارەزا لە بواری پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری تواناکانی خۆی دەزانێت و خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی دەناسێت و تواناکانی قوتابییەکانی دەناسێت و وەک ڕاهێنەرێکی سەرکەوتووی تیمی تۆپی پێ وایە دەزانێت کامە یاریزان بۆ کامە هێڵی یاریکردن باشە. مامۆستاکەش بەهەمان شێوە دەزانێت هەر قوتابییەک بۆ چ کارو پیشەیەک گونجاوە.

٥) مامۆستایەک کە خولی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری بینیبێت هەوڵ دەدات قوتابییەکانیش وەک خۆی ئامانجیان هەبێت لە ژیان و بەرنامە و پلانیان هەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەوڵدەدات ئامانج و گرینگی ئامانج و پلان و گرنگی پلان بۆ قوتابییەکانی ڕوون بکاتەوە و بەردەوام هانیان دەدات بۆ سەرکەوتن.

٦) پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری بڕوای بەوە هەیە کە زیرەکی و کارامەیی و لێهاتوویی لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر. ئەمەش هەم بۆ خۆی وەک مامۆستا سوودی لێ دەبینێت و دەچێت سەردانی هاوپیشەکانی دەکات و خاڵە بەهێزەکانی مامۆستا هاوپیشەکانی وەردەگرێت و لە وانەوتنەوەی خۆی پیادەی

دەکات. هەم بۆ قوتابییەکانیشی سوودی لێ دەبینێت و قوتابییان دابەش دەکات بۆ چەند گرووپێک لەکاتی وانە خوێندن بەمەش قوتابییان لەیەکترەوە فێردەبن. هەروەها هەوڵدەدات چیرۆکی کەسانی سەرکەوتوو بۆ قوتابییەکانی بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی قوتابییەکانی چاوی لێ بکەن.

بۆنموونە (یەحیا غەوسانی) یەکێکە لە ڕاهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆیی و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز چەندین خولی کردۆتەوە بەو ناونیشانە ( لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە ماوەی (٥٥) ڕۆژدا) ئەم ستراتیژیەت و بیرکردنەوەی لە کەسێک وەرگرتووە کە لە ماوەی (٥٥) ڕۆژ قورئانی لەبەر کردبوو. ئێستا هەمان ستراتیژ بۆ تەواوی قوتابییەکانی بەکاردەهێنێت.

٧) مامۆستا کە خولی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت لە گرینگیی گەیاندن و جۆرەکانی گەیاندن تێدەگات. بۆیە بەردەوام هەوڵدەدات گەیاندنی زارەکی و گەیاندنی نازارەکی بەکاربهێنێت لەکاتی وانە وتنەوەدا. هەروەها گرینگی بە تۆنی دەنگ و بەرزی و نزمی دەنگ و جووڵەی لەشی دەدات. بەڵام مامۆستایەکی ئاسایی لە سەرەتای وانەکەوە تا کۆتایی وانەکە بە یەک ئاواز و بە یەک نەمەت قسە دەکات و بەمەش زۆرجار قوتابییەکان بێزار دەبن.

٨) مامۆستایەک کە خولی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دیتبێت شارەزاییەکی باشی لە کۆئەندامی دەمار و مێشکی مرۆڤ و یادگەی کورت ماوە و یادگەی درێژ ماوە هەیە و دەزانێت چۆن زانیارییەکان دەگاتە مێشک و چۆن دەپارێزرێت بۆیە زۆرباش دەزانێت چۆن بە ئاسانترین شێوە و بەباشترین شێوە زانیارییەکان بگەیەنێتە مێشکی قوتابییەکان و وا بکات زانیاریی نوێ بە زانیارییە کۆنەکان گرێ دەدات، یان زانیارییەکان دەگۆڕێت بۆ وێنە و بەتەکنیکی جۆراو جۆر زانیارییەکان لە مێشکی قوتابییەکانی جێگیر دەکات. بەڵام مامۆستایەکی ئاسایی ڕەنگە وەک پێویست شارەزایی لە کۆئەندامی دەمار و پێکهاتەی مێشک و چۆنییەتی کارکردنی بەشەکانی مێشک نەبێت.

٩) لە بواری پلاندانان مامۆستای ئاسایی کاتێک وانەی دەخوێنێت و تەواو دەبێت بۆ ڕۆژی دوایی هەڵدەستێت بە نووسینەوەی پلانەکەی کە ئەمە جۆرێکە لە نووسینی یادگاری نەک پلان! دەتوانین ناوی بنێین دەفتەر یادگاری لە بری دەفتەر پلان. بەڵام مامۆستای شارەزا لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی گرینگی و بەهای پلان دەزانێت و دەزانێت چۆن پلان دابڕێژێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکەی.

١٠) مامۆستای ئاسایی شارەزاییەکی ئەوتۆی نییە لەبارەی ڕێگاکانی فێربوون، بەڵام مامۆستای شارەزا لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی دەزانێت سێ جۆرە کەسایەتیمان هەیە لە ڕووی وەرگرتنی زانیارییەکان، ئەوانیش: ( بیسەری، بینەری، هەستی) بۆیە لە قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی بایەخ بە هەر سێ جۆر دەدات، چونکە ئەستەمە بزانرێت تاک بە تاکی قوتابییانی پۆل سەر بە چ جۆرێکن، لەبەر بچووکی تەمەنیان، بەڵام لە قۆناغی ئامادەیی یان زانکۆ دەکرێت لە ڕێگای کۆمەڵێک پرسیار مامۆستا یارمەتی قوتابییان بدات بۆ ئەوەی بزانێت هەر یەکەیان سەر بەکام جۆرن و پاش دەستنیشانکردنی جۆرەکەی کام شێواز کاریگەرە و گونجاوە و لەگەڵی دەگونجێت بۆ خوێندن.

١١) مامۆستای ئاسایی هیچ جۆرە پلانێکی نووسراوی نییە بۆ گەشە پێدانی خۆی، مامۆستا هەیە لەو ڕۆژەوەی لە کۆلێژ دەرچووە هیچ جۆرە کتێبەکی نەخوێندۆتەوە و بەشداری هیچ جۆرە خول و سیمینارەکی نەکردووە بۆ بەرەو پێشبردنی خۆی، بەڵام مامۆستای شارەزا لە گەشەپێدانی مرۆیی دەزانێت ئاو بوەستێت بۆ گەن دەبێت بۆیە بە بەردەوامی خەریکی خوێندنەوەیە و بەشداری خول و سیمینار دەکات و لە مامۆستا زیرەکەکانی هاوپیشەی فێردەبێت و بەردەوام لە هەوڵی بەرەو پێش بردنی تواناکانی خۆیدایە.

١٢) مامۆستای شارەزا لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی دەزانێت پاڵنەرەکان چین و دەزانێت چۆن پاڵنەرەکان دەورووژێنێت و دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ قوتابییەکانی و کەسانی سەرکەوتوو بەنموونە دەهێنێتەوە بۆ قوتابییەکانی ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی پاڵنەرەکان لەلای قوتابییەکان و هانیان دەدات بۆ سەرکەوتن. یەکێک لە

هۆکارەکانی پێشنەکەوتنی خوێندن لە کوردستان ئەوەیە قوتابییان حەزیان لەخوێندن نییە. بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک لە تاقیکردنەوە نزیک دەبنەوە زۆربەی قوتابییان داوا دەکەن کەمترین بابەت داخل بێت بۆ تاقیکردنەوە. زۆرترین بەهانە دەدۆزنەوە بۆئەوەی کەمترین بابەت بخوێنن لە کاتی وانە وتنەوەدا. یان کە لە دەوام تەواو دەبن دەستەواژەی ( لە مەکتەب بەربووین) بەکار دەهێنن، ( بەربوون) پتر بۆ (سجن) بەکاردێت نەک بۆ قوتابخانە. یان کاتێک تاکە قوتابییەک لە نیوەی دەوام دەچێتەوە ماڵ هاوڕێکانی دەڵێن: فڵان قوتابی ( فیراری کرد). کە ئەم وشەیە بۆ عەسکەری بەکاردێت. کەواتە لە ناخی ئەو قوتابییانە قوتابخانە وەک عەسکەری و سجن ناخۆشە. ئەوەش بەشێک لە هۆکارەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەی مامۆستایان نەمانتوانیوە ئیش لەسەر عەقڵی نائاگای قوتابییان بکەین و ئەم قەناعەتەیان بگۆڕین و هاندەر و پاڵنەری ناوەکی لە قوتابییان بچێنین کە بۆخۆیان حەزیان بەخوێندن بێت.

**پلانی ستراتیژی تاکەکەسی بەمەبەستی گەشەپێدانی مامۆستا**

**هەموو مامۆستایەکی پێشکەوتووخواز دەبێت سەرەتا ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات:**

ـ من کێم؟ ـ بەهاکانم چییە؟ ـ پەیامم چییە؟ ـ دید و تێڕوانینم چییە؟ ـ ئامانجەکانم چین؟ ـ خاڵە بەهێزەکانم چین؟ ـ لێهاتووییەکانم چین؟ ـ ئارەزووەکانم چین؟ ـ خاڵە لاوازەکانم چین؟ ـ بۆ بوومە بە مامۆستا؟ ـ مامۆستای سەرکەوتوو کێیە؟ لە ڕێگای وەڵامی ئەم پرسیارانەوە مامۆستای پێشکەوتوو خواز دەتوانێت خۆی بناسێت و دەستنیشانی خاڵی بە هێزو لاوازو حەزو ئارەزووەکانی خۆی بکات و سەرەتا خۆی پەروەردە بکات و پاشان قوتابییەکانی پەروەردە بکات و پاشان کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات. دەی ئەگەر مامۆستا شارەزایی لە پرۆگرامی زمانەوانی دەماری نەبێت چۆن دەتوانێت پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی تواناکانی کەسیی خۆی پێشکەش بکات؟؟!!

**پەیام**: ڕستەیەکی زۆر کورتە و پێمان دەڵێت ئێمە کێین و بۆ دەژین و مەبەستی سەرەکیمان چییە لە ژیان. بۆنموونە لەوانەیە پەیامی مامۆستایەکی بەڕێز بریتی بێت لە: ( پەروەردەکارێکی سەرکەوتوو، ژیانێکی ئارام).

**دید ( روئیا):** وێنەیەکی زیهنی ژیانمانە لە ئایندەدا. بۆ نموونە: ( مامۆستایەکی داهێنەرو بەرهەمداری کاریگەر و بەشدار لە بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی).

**پرۆسەی ئاڵۆگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان قوتابیان و مامۆستادا:**

لە پەروەردەی کۆندا وایان هەژمار دەکرد کە قوتابییان دەفرو کاسەیەکی بەتاڵن و مامۆستا تاکە سەرچاوەی زانیارییە و مامۆستا ئەو دەفرە بەتاڵانە پڕدەکات لە زانیاری. بەڵام لە پەروەردەی نوێدا بەم جۆرە نییە چونکە قوتابییان لە ڕێگای تەکنەلۆژیا و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و کتێب و کتێبخانەکان زۆرتر دەستیان بە زانیارییەکان ڕادەگات و کۆمەڵێک زانیاریی پێشوەختەیان هەیە، بەڵام ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کە ئەو زانیارییانە ڕێکبخات و ئاڕاستەیان بکات.

دەتوانین بە چوار هەنگاو وانەوتنەوەکە کاراتر بکەین:

١ ـ **قەناعەت و سۆز** : لە هەنگاوی یەکەم باس لەو قەناعەت و بیروباوەڕە دەکەین کە لەلای قوتابییان هەیە دەربارەی هەر بابەتێکی مەبەست دیاریکراو ورووژێنراو و بە ئامانج گیراو. واتە لەم قۆناغە باسی زانیارییە پێشوەختەکانی قوتابییان دەکەین. مرۆڤ لە چەندین سەرچاوەی جیا جیاوە پڕۆگرام دەکرێت، بۆنموونە: (دایک و باوک و خێزان، قوتابخانە، هاوڕێ، کتێب،....هتد). ئەو کاتە گرفتەکە سەرهەڵدەدات کە بیروباوەڕەکە نەرێنی بێت. لەو کاتەدا قوتابییەکە دەرگای قەناعەتی دادەخات بەرانبەر بە زانیارییەکان بۆیە هەرچەندە مامۆستا باس لە زانیارییەکان بکات بێ سوودە، چونکە کار لەسەر یەک ئاست دەکات بە گوێرەی هەڕەمی بلۆم، واتە تەنها ئیش بە زانیاری دەکات و دوو لایەنەکەی تر کە (قەناعەت و سۆز، کارامەیی) یە پشتگوێ دەخات. بەمەش قوتابییەکە هەم حەزی لە وانەکە نابێت و هەم دوای ماوەیەکی کورت لەبیری دەچێتەوە.

مامۆستا دەبێت لەم قۆناغە چی بکات؟

دەبێت لە سەرەتای هەموو دەرسێک مامۆستا لە ڕێگای پرسیارکردن، یان پیشاندانی وێنە و ڤیدیۆ ئیش لەسەر ئامادەکردنی قەناعەتی قوتابییان بکات. وا باشە سەرەتای هەموو وانەیەک بە چالاکییەکی وزە بەخش دەست پێبکات بۆ ئەوەی قوتابی هەست بە بێزاری نەکات و دڵی بە وانەکە خۆش بێت و حەزی لێ بکات و بە پەرۆش بێت بۆ چوونە ناو وانەکە. شایانی باسە قەناعەتەکان لە نەست تۆمارکراون و هەڵگیراون، مامۆستای شارەزا لە پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری زۆر باش دەزانێت چۆن بگاتە عەقڵی بێ ئاگا و ئیشی لەسەر بکات و بیروباوەڕە نەرێنییەکان بگۆڕێت بۆ بیرو باوەڕە ئەرێنییەکان. نموونەی چەند پرسیارێک کە لەلای قوتابییان دروست دەبێت، ئەگەر وەڵام نەدرێنەوە ئەوا وانەکە کاریگەر نابێت: ئێمە عەرەبی دەخوێنین بۆ ئەوەی فێری عەرەبی ببین، خۆ هەموومان کوردین و کوردی دەزانین ئەی بۆچی وانەی کوردی دەخوێنین؟ـ سوودی زانینی ڕستەی پرس و داخوازی و سەرسوڕمان چییە؟ـ سوودی لەبەر کردنی ئەو هەموو شیعرو پەخشان و ژیاننامەی شاعیران چییە؟ ـ سوودی ڕستەی بکەردیار و بکەر نادیار چییە؟ـ سوودی مێژووی میرنشینەکان چییە؟ واتا قوتابی حەز دەکات بزانێت ئەو وانەی کە دەیخوێنێت چ سوودێکی هەیە لە ژیان، ئەگەر وا هەستی کرد سوودبەخش نییە ئەوا بە چاوێکی کەم بایەخ لێی دەڕوانێت. بۆیە دەبێت مامۆستا هەوڵ بدات سوودەکان ڕوون بکاتەوە.ـ یان هەندێک جار قوتابییان قەناعەتێکی هەڵەیان بەرانبەر شتێک هەیە، بۆنموونە : (بەشێک لە قوتابییان وا هەست دەکەن مەبەست لە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ، ئەوەیە کارەکە ئەنجام درابێت، یان ئەنجام نەدرابێت) کەواتە قوتابی زانیاری لەبارەی بابەتەکە هەیە بەڵام هەڵەیە و لەگەڵ بابەتێکی تر تێکەڵی کردووە، دەبێت مامۆستا بابەتەکە ڕاست بکاتەوە. زۆربەی جار ڕاهێنەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی بە پرسیارکردن دەست دەکەن بە وانە وتنەوە و سیمینارەکانیان، بەمەبەستی کارکردن لەسەر سۆزو قەناعەتی ئامادەبووان. ( دەتوانی هەندێک بۆنی خۆش لە کتێبی کوردی بدەیت ئەو بۆنەی کە بەلاتەوە دڵگیرە و خۆشە و ئەو بۆنە بتبەستێتەوە بە

یادگاریەکی خۆش و هەستی ئاسوودەییت پێ ببەخشێت) (الصباغ،٢٠١٤، ٤٦). شایانی باسە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگای هەناسەدان و دابەزاندنی شەپۆڵەکانی مێشکی قوتابی بۆ شەپۆلی ئەلفا و سێتا بگاتە عەقڵی نائاگای قوتابی و بیرە نەرێنییەکەی بگۆڕێت بۆ بیرێکی ئەرێنی.

ئەم خشتەیە بەسوودە مامۆستا دەتوانێت بەکاری بهێنێت: بۆ گۆڕینی قەناعەت. (الصباغ،٢٠١٤، ٤٦)

| ناوی وانەکە | تێڕوانینی قوتابی بۆ وانەکە | ئایا کەسێك هەیە لەو وانە باش بێت و نمرەی بەرزی هێنابێت؟ | چارەسەر |
|---|---|---|---|
| وانەی کوردی | وانەیەکی ناخۆشە و هیچ سوودی نییە و خۆ ئێمە بەخۆمان کوردی دەزانین ئیتر بۆ بخوێنین | بەڵێ کارزان و ژیار و چرۆی هاوڕێم لە وانەی کوردی زیرەکن و نمرەی بەرزیان هێناوە | پرسیاریان لێ دەکەم تاوەکو بزانم ئەوان چ ستراتیژیەت و چ تەکنیکێك بەکار دەهێنن بۆ خوێندنی ئەم وانەیە |
| وانەی ٢ | | | |

**٢ ـ لە قۆناغی دووەمدا** باسی پێدانی زانیاری دەکەین لە مامۆستاوە بۆقوتابییان. (خولی مامۆستای پێشکەوتووخواز،٢٠٢١). واتە لەم قۆناغەدا مامۆستا کۆمەڵێک زانیاریی نوێ و تازە پێشکەشی قوتابییەکە دەکات کە پێشتر لەلای قوتابی بوونی نەبووە. بەمەش زانیارییە پێشوەختەکانی قوتابییان یان قەناعەتی قوتابییان سەرلەنوێ ڕێکدەخرێتەوە و دادەڕێژرێتەوە. لێرەدا ڕاهێنەرەکە ئەو شتەی کە خۆی مەبەستیەتی باسی بکات و پێشکەشی قوتابییانی بکات دەیانخاتە ڕوو. لێرەدا مامۆستا جەخت دەکاتە سەر (دەستوور) لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردیی قوتابخانە. (هەمان سەرچاوە).

**٣ـ قۆناغی سێیەم:**

لەم قۆناغەدا مامۆستا و قوتابی بەیەکەوە چارەسەری کێشە و دۆز و بابەتەکان دەکەن و بەیەکەوە پرسیارەکان شیکار دەکەن و بەیەکەوە هەنگاو دەنێن ئەگەر قوتابی هەر هەڵەیەکی کرد مامۆستا دەستی دەگرێت و ڕاستی دەکاتەوە. بۆ نموونە شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ناو پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی، کە مەنهەجی خوێندنە.

**٤ـ قۆناغی چوارەم:**

لەم قۆناغەدا قوتابی تەواو کارامە دەبێت و بەتەواوی فێری بابەتی دیاریکراو بە ئامانج گیراو دەبێت و مامۆستا تەنها هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ئەوەی بزانێت قوتابییەکان تا چ ڕادەیەک فێری بابەتەکە بووەو هەزمی کردووە و بەبێ مامۆستا توانای شیکارکردنی پرسیارەکانی هەیە. بۆنموونە شیکارکردنی تەکمیلەی ڕاهێنانەکان لەماڵەوە، واتە ئەرکی ماڵەوە.

واتە بەم چوار قۆناغە زانیارییەکان لە مامۆستایانەوە دەگوازرێتەوە بۆ قوتابییان و بۆ هەریەکێک لەو قۆناغانە ناوێکمان لێی ناوە بۆنموونە : ( کڵاوی شین و کڵاوی سپی و کڵاوی زەرد و کڵاوی سەوز) بۆیە وشەی کڵاومان هەڵبژارد چونکە نزیکە لە مرۆڤ و مرۆڤ زۆر بەکاری دەهێنێت و وەک هێمایەک بۆ جیاکردنەوەی قۆناغەکان لەیەکتری. (خولی مامۆستای پێشکەوتووخواز، ٢٠٢١).

**نموونەیەکی کرداری لەسەر بابەتی (ڕستە) لە پۆلی پێنج و شەشەمی بنەڕەتی:**

١ ـ سەرەتا کە چوومە پۆل بە زەردەخەنەوە سڵاوم کرد و لە ئەحواڵی قوتابییانم پرسی و بە قوتابییانم وت: کێ نەهاتووە دەستی بڵند بکات. قوتابیان دەستیان کرد بە پێکەنین و وتیان مامۆستا ئەگەر کەسێک نەهاتبێت چۆن دەستی بڵند بکات؟

٢ـ پاشان بە داتاشۆ وێنەی تەناف (ڕستە)یەکم نیشاندا و لە قوتابییانم پرسی ئەوە چییە؟ هەندێکیان وتیان جلک؟ هەندێکیان وتیان ڕستە.....هتد

٣ـ پاشان وێنەیەکی ترم پیشانی قوتابییان دا کە ڕستەیەک بوو بەڵام لەجیاتی جلک چەند لاپەڕەیەکی ئەی فۆڕ بوو هەر لاپەڕەیەک وشەیەکی لەسەر نووسرابوو

(هەولێر شارێکی جوانە)، پاشان لە قوتابییانم پرسی ئەی ئەمە چییە؟ قوتابییان وتیان ئەمەش ڕستەیە.

٤ ـ پاشان پێناسەی ڕستەم بۆ قوتابییان کرد و پێیانم ڕاگەیاند وانەی ئەمڕۆکەمان لەسەر ڕستەیە. پاشان داوام لە قوتابییان کرد هەریەکەیان بەنموونە ڕستەیەکم بۆ بهێنێتەوە.

٥ ـ پاشان چەند پارچە بەنێک و چەند لاپەڕەیەکی ئەی فۆڕم بەسەر قوتابییان دابەش کرد بۆ ئەوەی بەدەستی خۆیان ڕستە دروست بکەن.

٦ـ پاشان هەندێک قوتابی وشەکانیان پاش و پێش پێکردبوو، ڕستەکان واتایان نەدەبەخشی بۆیە داوام لە قوتابییانی تر کرد بۆیان ڕاست بکەنەوە.

٧ ـ پاشان قوتابییانم کردە گرووپ گرووپ و ڕاهێنانەکانمان شیکارکرد.

٨ ـ پاشان پرسیارم لە قوتابییان کرد (شاری دهۆک) ڕستەیە یان گرێ؟ قوتابییان وتیان ڕستە نییە. پاشان داوام لە قوتابییان کرد کێ چووەتە شاری دهۆک؟ یەکێکیان دەستی بەرز کردەوە پاشان پێم وت فەرموو بۆمان باس بکە چیت دیت لە شاری دهۆک. قوتابییەکە باسی ئەو سەفەرەی کرد.

٩ ـ ئەرکی ماڵەوەم دا بە قوتابییان کە بریتی بوو لە شیکارکردنی دوو دوا ڕاهێنان و هەروەها هەر قوتابییەک ڤیدیۆیەکم بۆ کات و ببێتە مامۆستا و بابەتەکە ڕاڤە بکات و لە گرووپی ڤایبەر بۆمان بنێرێت.

## شێوازەکانی وەرگرتنی زانیاری

عەقڵ ئەو شوێنەیە کە زانیارییەکانی تێدا تۆمار دەکرێت و زانیارییەکانی تێدا دەپارێزرێت و لە کاتی پێویست زانیارییەکان بەکار دەهێنینەوە. بێگومان مێشک لە ڕێگەی پێنج هەستەکەوە زانیارییەکان وەردەگرێت. ئەوەی لێرەدا جێگای باسەکەی ئێمەیە جۆرەکانی کەسایەتی مرۆڤە لەبەر ڕۆشنایی وەرگرتنی زانیاری کە دەکرێتە (بینایی، سەمعی واتا بیستەکی، وە حسی واتە هەستەکی).

هیچ مرۆڤێک نییە تەنها یەکێک لەو سێیە بێت، بەمانایەکی تر ئەو مرۆڤەی کە

بیناییە وەنەبێت سەدا ١٠٠% بینایی بێت و بە هیچ جۆرێک لە ڕێگای گوێچکە و دەست و هەستەکانیەوە زانیارییەکان وەرنەگرێت، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوترێت ئەو مرۆڤە بیستەکییە ئەوە مانای وایە ئەو هەستەی بەهێزترە بە بەراورد لەگەڵ هەستەکانی تر، زۆرترین کات زانیارییەکانی لە ڕێگای هەستی بیستن وەردەگرێت.

**کام شێواز لە هەموو شێوازەکان گرینگترە؟**

هەموو شێوازەکان گرینگن و هیچیان لەوەی تر گرینگتر نییە. دەوەستێتە سەر نەمەتی وەرگرتنی زانیارییەکان و جۆری کەسەکان. هەریەکەیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و گرنگ ئەوەیە بەشێوەیەکی دروست کاری پێبکرێت.

**تایبەتمەندییەکانی کەسی بینەری یان (بینایی):**

ئەو جۆرە کەسانە زۆر بەخێرایی قسە دەکەن. زۆر بەخێرایی هەناسە دەدەن. کاتێک کەسێک قسەیان بۆ دەکات حەزدەکەن تەماشای بکەن. لەکاتی قسەکردن زۆربەی کات ڕستەی (تەماشا بکە، ببینە، دەبینی،....هتد) بەکار دەهێنن. کاتێک قسە دەکەن ناوە ناوە تەماشای سەرەوە دەکەن واتە سەیری ئاسمان یان بنمیچی ژوورەکە دەکەن. ئەم کەسانە لەکاتی قسەکردن دەستەکانیان زۆر بەرز دەکەنەوە تا نزیک ئاستی چاویان. ئەم جۆرە کەسانە توانایەکی باشیان هەیە لە خەیاڵکردن و وێناکردن بۆنموونە کاتێک چیرۆکێکیان بۆ باس دەکەی ئەو کەسانە لە خەیاڵی خۆیان وێنای کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە دەکەن. ئەمجۆرە کەسانە زۆربەی کات باسی ئایندە دەکەن. ( بە دەنگی زل و خێرا قسەدەکات، هەناسەی کورت و خێرا، کەسایەتییەکی چاپووک و جووڵاوی هەیە، گرنگی زۆر بە نیگار و وێنە دەدات، بە زمانی وێنە قسە دەکات، بۆ وەبیرهاتنەوەیەک سەیری سەرووی چاو دەکات) (سەعید ٢٠١١، ژ٤٨، ٣٥٠)

**مامۆستا چۆن دەتوانێت بە ئاسانترین شێواز یارمەتی کەسانی بینایی بدات؟**

بۆ ئەوەی کەسانی بینایی بە ئاسانترین شێواز لە مامۆستا تێبگەن لە کاتی وانە

وتنەوەدا وا چاکە مامۆستا ئەو هۆیانەی خوێندن بەکار بهێنێت کە پەیوەندی بە هەستی بینین هەیە، بۆ نموونە: قەڵەم ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ، داتاشۆ، فلاش کارت، وێنە، نەخشەی هزری، نەخشەی چەمکەکان، کێشانی نەخشە و وێنە لەسەر سەبوورە.

**کەسی بیسەری (سەمعی)**

ئەو جۆرە کەسانە زانیارییەکانیان لە ڕێگای گوێچکەیانەوە وەردەگرن. توانایەکی زۆریان هەیە بۆ گوێگرتن. واتە ئەگەر کەسێک بە سەعات قسەیان بۆ بکات ئەمان دەتوانن گوێیان بۆ بگرن بێ ئەوەی قسەیان پێ ببڕن. بە دەنگی بەرز قسە دەکەن. لەکاتی دەرس خوێندن بە دەنگ دەرسەکە دەڵێنەوە. ئەمجۆرە کەسانە حەز دەکەن گوێیان لە دەنگی خۆیان بێت، لەکاتی سەرقاڵییان لەبەر خۆیانەوە قسە دەکەن، واتە لەگەڵ خۆیان دەدوێن. زۆر ڕستەی ( دە تۆ گوێ بگرە، گوێت لێمە، خۆزگە گوێت لێ دەبوو،.....هتد) بەکاردەهێنێت. لەکاتی قسەکردن چاوەکانی بۆلای ڕاست و چەپ دەسووڕێنێت واتە ئاستی چاوی ئاسۆییە. کاتێک دەچنە دووکانێک بەنموونە ئەو کاڵایەی مەبەستیانە لەبەر چاویانە کەچی دەپرسن و دەڵێن : برام فلانە شتتان هەیە؟ لەکاتێکدا کاڵاکە دەبینن. ( لە کاتی قسەکردن ئاست و شێوازی دەنگی خۆی دەگۆڕێت لە نزم بۆ بەرزو بڵند یان بە پێچەوانەوە، هەناسەی بە شێوەیەکی ئارام و لەسەرخۆیە، گرنگیی زۆر بەدەنگ دەدات، کەسایەتییەکی ئارامی هەیە واتە گوێڕایەڵی قسەکەر دەبێت هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەک بخایەنێت واتە کەسایەتییەکی هاوسەنگی هەیە، بۆ وەبیرهاتنەوەیەک سەیری ئاستی ئاسۆیی دەکات) (سەعید، ٢٠١١، ژ٤٨، ٣٥٠).

**چۆن دەرس بەکەسانی سەمعی بوترێتەوە؟ چۆن یارمەتییان بدەن؟**

وا باشە زانیارییەکەیان بۆ بەش بەش بکەین واتا نابێت کۆی زانیارییەکەیان بەسەر یەکەوە پێ بوترێت، بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو. واباشە یاری بەتۆنی دەنگمان بکەین و نابێت بە یەک تۆن و بە یەک ئاواز قسەیان لەگەڵ بکەین و وانەیان بۆ ڕاڤە بکەین. واباشە ئامێری ڕیکۆردەر بەکاربهێنرێت وەک ئامرازێکی وانە وتنەوە. واباشە

شێوازی پرسیار و وەڵام بەکار بهێنرێت. واباشە زانیارییەکانیان بۆ دووبارە و سێ بارە بکرێتەوە. قوتابییان بۆ خۆیان دەتوانن سوود لە ئامێری مۆبایل وەربگرن بۆ ئەو مەبەستە. من خۆم لەناو پۆل لە زانکۆ لە ڕێگای مۆبایلەکەم تەواوی موحازەرەکەم تۆماردەکرد و دواتر بە هیتفۆن موحازەرەکەم گوێ لێ ڕادەگرتەوە بە ئاسانی وانەکە و زانیارییەکانی لە مێشکم دەچەسپا. یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی کە خودی خۆم بەکارم دەهێنا بریتی بوو لە فێربوون لەکاتی نوستن، بۆنموونە کام بابەت گران و قورس بوایە بەتایبەت لە وانە وێژەییەکان ئەوا شەوان کە دەخەوتم هێتفۆنەکەم دەخستە گوێچکەکانم و دەنوستم بۆ بەیانی ئەو وانەیەم زۆر خۆشترو ئاسانتر ئەزبەردەکرد.

**کەسی هەستەکی یان حسیی:**

ئەمجۆرە کەسانە زۆر بەقووڵی هەناسە دەدەن. زۆر بەهێواشی قسەدەکەن. زۆر شتەکان ورد دەکەنەوە لە باسکردندا. دەچنە بنج و بنەوانی شتەکان. زۆر لە ڕابردوو دەژین و زۆر باسی ڕابردوو دەکەن. لەکاتی قسەکردن سەیری خوارەوە دەکات. زۆر نەرم و نیانن. زۆر کەم دوون و بەکەمی قسە دەکەن. ( مرۆڤەکی کەم دوو ئارامە، لەکاتی قسەکردندا بە دەنگەکی نزم قسە دەکات، هەناسەی قووڵ و لەسەرخۆی هەیە، بایەخێکی زۆر بە هەست و سۆزەکانی دەدات، بۆ وەبیرهێنانەوەی شتێک سەیری خوارەوەی خۆی دەکات، وشەی ( هێدی، نەرم، سادە، هەستدەکەی و هەست دەکەم) بەکاردەهێنێت). (سەعید، ٢٠١١، ژ ٤٨، ٣٥٠).

**چۆن یارمەتییان بدەین لەکاتی دەرس خوێندن:**

وا باشە بکرێنە گرووپ بۆئەوەی شتەکان بەدەستی خۆی ئەنجامی بدات و هەستی پێ بکات. بەقەڵەم و کاغەز بخوێنن. ڕاهێنانەکان شیکار بکەن و هەڵبستە سەر سەبوورە. داوایان لێبکرێت بە تێگەیشتنی خۆی بۆ وانەکە دووبارە لەسەر لاپەڕەیەک بابەتی وانەکە بنووسنەوە.

**سیستەمی تێکەڵ:**

لە قوتابخانەکانی کوردستان لە هەر پۆلێکدا ژمارەیەکی زۆر قوتابی هەیە، ئەو قوتابییانە بەسەر هەر سێ جۆرەکە دابەشبوونە و مامۆستا ناتوانێت گرووپ گرووپ لێکیان جیابکاتەوە یان دەستنیشانی شێوازەکەیان بکات، بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتیدا. بۆیە واباشترە مامۆستا ڕەچاوی هەر سێکیان بکات لەکاتی وانە وتنەوەدا، چۆن؟ بۆنموونە : بەکارهێنانی ڕیکۆردەر، یان بەرزونزمی دەنگ، یان ئاواز و گۆرانی یان زۆر پرسیارکردن و دووبارەکردنەوە بۆ ئەو قوتابییانە سوودبەخشە کە بیسەرین.

هەروەها بەکارهێنانی وێنە و فلاش کارت و داتاشۆ و سەبوورەو نەخشەی هزری و نەخشەی چەمکەکان بۆ قوتابییانی بینەری باشە و پڕسوودە.

هەروەها بەکارهێنانی زمانی جەستە و شیکارکردنی ڕاهێنانەکان و نووسینەوە بەقوتابییان و دابەشکردنیان بەسەر گرووپی جیا جیا و پێدانی سۆز و خۆشەویستی بۆ قوتابییانی هەستی باشە.

واتە مامۆستای سەرکەوتوو دەبێت هەموو تەکنیکەکان بەکاربهێنێت کە بۆ هەر سێ جۆرەکەیان باشە.

**چەند تەکنیکێک بۆ زیاترکردنی تەرکیز و بەهێزبوونی یادگە:**

یەکێک لەو کێشانەی ڕوو بەڕووی قوتابییان دەبێتەوە هەم لە ناو پۆل و هەم لە کاتی خوێندن، داڵغەلێدان و ڕۆیشتن و نەمانی تەرکیزە. تەنانەت ئەم گرفتە ڕووبەڕووی مامۆستاش دەبێتەوە کاتێک پەرتووکێک دەخوێنێتەوە. کەواتە نەمانی تەرکیز کێشەیەکە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە بە گشتی. بۆ چارەسەری ئەم ئاریشەیە چەند ڕاهێنان و مەشقێک باس دەکەین، بەڵام وەنەبێت بە ئەنجامدانی مەشقەکان یەکسەر تەرکیزمان چڕبێت، بەڵکو کاتی دەوێت و بەردەوامی دەوێت. هاوشێوەی کەسێک کاتێک ڕاهێنانی لەش جوانی دەکات، ئایا بەشەو و ڕۆژێک ماسوولکەکانی گەشە دەکەن؟بێگومان نەخێر چەندین مانگ و ساڵی دەوێت. بەمشێوەیە هەموو ئەندامەکانی مرۆڤ ئەگەر بخوازین گەشە بکات دەبێت ڕاهێنانی

پێبکەین. مرۆڤ لە ڕێگای هەستەکانییەوە زانیارییەکان وەردەگرێت، لێرەوە باس لە چەند ڕاهێنانێک دەکەین کە پەیوەستە بە هەستی بیستن و هەستی بینین.

**ڕاهێنانی بەهێزکردنی هەستی بینین:**

١) بۆ ماوەی ٥ ـ ١٠ خولەک سەیری دیمەنێک یان گوڵێک بکە و لێی وردبەرەوە، لە سەرەتادا بیرت دەڕوات، بەڵام بیرت بهێنەوە بۆ لای گوڵەکە. لە سەرەتادا زەحمەتە بەڵام بە مەشق و ڕاهێنان وای لێدێت خەیاڵت ناڕوات. یان لاپەڕەیەکی A4 لەسەر دیوار هەڵواسە بەجۆرێک لە ئاستی چاوەکانت بێت. واتە نە زۆر بەرز بێت و نە زۆر نزم بێت. لەسەر لاپەڕەکە خاڵێکی ڕەشی گەورە بکە و هەوڵبدە لێی ورد ببیتەوە و مەهێڵە خەیاڵت بڕوات. لە سەرەتا هەندەک ئەستەمە بەڵام هەرکات خەیاڵت چوو خێرا خەیاڵت کۆ بکەرەوە.

٢ ) ڕاهێنانی دووەم بۆ بەهێزکردنی هەستی بینین بریتییە لەوەی کە چوویتە هەر شوێنێک هەوڵبدە سکانێکی ئەم شوێنە بکەیت و پاشان چاوەکانت دابخە و هەوڵبدە وێنەکان بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت یان دوای ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک وێنەکان بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت. ئا بەم جۆرە تەرکیزت باش دەبێت.

**ڕاهێنانی بەهێزکردنی هەستی بیستن:**

ڕۆژانە مرۆڤ گوێبیستی چەندین دەنگ دەبێت. هەندێک لەو دەنگانە خۆمان دەخوازین کە بیبیستین، بەڵام هەندێک لەو دەنگانە خۆنەویستانە گوێمان لێی دەبێت. ئینجا مرۆڤ دەتوانێت دەنگێک هەڵبژێرێت و تەرکیز بخاتە سەری. کاتەک تەرکیز دەخاتە سەر ئەو دەنگە ئەوا دەنگەکانی تر خامۆش دەبن. هەروەها دەتوانێت یاری بە دەنگەکان بکات. بۆنموونە با سەرەتا گوێ لە دەنگێک بگرێت، پاشان تەرکیزی لەسەر ئەو دەنگە لابدات و تەرکیز بخاتە سەر دەنگێکی تر و پاشان بگەڕێتەوە سەر دەنگی یەکەم. بەمجۆرە تەرکیزمان بەهێز دەبێت.

**ڕاهێنانەکی تر بۆ بەهێزبوونی تەرکیز:**

ژماردن بە شێوەی پێچەوانە لە ١٠٠ بۆ سفر وردە وردە تەرکیزت باشتر دەبێت.

دوای ماوەیەک لەم ڕاهێنانە هەست دەکەی شتەکە زۆر ئاسانە، لەو حاڵەتە دەتوانی ژمارەکان دوو دوو یان سێ سێ بژمێری. دوای ماوەیەک ئەوەش سانا دەبێت دەتوانی لە یەک کاتدا ژمارەیەک لە سفرەوە بۆ دە، ژمارەیەکیش لە دەوە بۆ سفر بژمێری. بۆ نموونە (٠ ،١٠ )، (١، ٩)، (٢، ٨). مێشکی مرۆڤ ٨٠% ئاوە بۆیە ئاو دەورێکی کاریگەر و باڵای هەیە لەسەر بەهێزبوونی تەرکیز، وباباشە قوتابی نەهێڵێت تووشی وشکبوونەوە بێت، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ هەست بە تێنوویەتی دەکات مانای وایە لەشی تووشی وشکبوونەوە بووە، واتا نابێت مرۆڤ بهێڵێت بگاتە ئەو قۆناغە ئاو بخواتەوە، بەتایبەت لەکاتی تاقیکردنەوە. ئەو ئۆکسجینەی بۆ لەش دەچێت نزیکەی چارێگەکی مێشک بەکاری دەهێنێت بۆیە زۆر گرینگە مێشک زۆرترین بڕی ئۆکسجینی خاوێنی پێبگات ،بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کەسەکە ڕاهێنانی هەناسە بکات، کە بریتییە لە (٤ ،٢، ٤). واتا هەناسە هەڵبمژێت تا ژماردنی ژمارە ٤، پاشان لە نێو سییەکانی هەناسەکە بهێڵێتەوە تا ژماردنی ژمارە ٢، پاشان هەناسەکە بداتەوە تا ژماردنی ژمارە ٤.

**ڕاهێنانی خەیاڵکردن:**

(ئەنشتاین) دەڵێت: ( خەیاڵ گرنگترە لە زانیاری). ئەم قسەیە زۆر دروستە چونکە هەموو داهێنراوە زانستییەکانی ئەمڕۆ هەیە بەرهەمی خەیاڵی دوێنێیە. جا مرۆڤ دەتوانێت سوود لە خەیاڵ وەربگرێت بۆ ئەوەی زاکیرەی بەهێزتربێت ئەویش بە گۆڕینی زانیارییەکان بە وێنە. واتە لەڕێگای بەکارهێنانی خەیاڵ وێنەیەک بۆ زانیارییەکان دروست بکە کە دەتەوێت لەناو مێشک بیانپارێزیت.

بۆ نموونە : کاتەک دەتەوێت وشەی (line واتە شێر) ئەزبەر بکەیت، ئەوا (بهێنە بەر چاوی خۆت لە ناو بازاڕی شێخەڵڵا ڕادەکەیت و شێرێک بەدواتەوەیە و بە خەڵکەکە دەڵێیت خۆتان لایەن، خۆتانم لایەن ). یان (Hat واتە کڵاو) بهێنە بەر چاوی خۆت کەسێک دێتە لات کڵاوی لەسەرەو پێی دەڵێیت (هات بەکڵاوەوە). سەرنج: ( وا باشترە تا بکرێت وێنەکان و خەیاڵەکە ناواقعی بێت و موبالەغەی زۆری

تێدا بێت، چونکە مرۆڤ زیاتر لەبیری دەمینێت، من کە مامۆستا بووم ،ماوەیەک لە لادێیەکی نزیکی هەولێر دەوامم دەکرد ڕۆژانە بە مینی پاسێک هاتوچۆمان دەکرد. لەڕێگاکە چەندین تابلۆی ڕێکلام هەبوو هیچیانم لەبیر نەماوە تەنها یەک دانەیان نەبێت کە تابلۆکە سەرەو خوار یان هەڵگەڕاوە چەقێنرابوو، چونکە لەنێو هەمووواندا ئەو جیاوازبوو).

**ڕاهێنانی بەیەکەوە بەستانەوەی زانیارییەکان:**

مرۆڤ کۆمەڵێک زانیاری پێشوەختە لە مێشکی هەیە. کاتێک دەیەوێت زانیارییەکی نوێ لە مێشکی تۆماربکات دەبێت ئەو زانیارییە نوێیە بە زانیارییە کۆنەکە گرێ بدات هاوشێوەی وەستای دیوار،کاتێک دیوار دروست دەکات بلۆکەکان بەجۆرێک بەیەکەوە گرێ دەدات و بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە کە پێیدەوترێت حەلوشەت، بۆ ئەوەی نەکەون و قایم بن. بۆ نموونە :(زیلانی کچم تەمەنی پێنج ساڵان بوو خەریک بووم تاقیکردنەوەم لەسەر دەکرد و هەندەک وشەی ئینگلیزیم پێ ئەزبەر دەکرد، وشەی (ڕۆک Rock واتە بەرد) نەیدەتوانی ئەزبەری بکات، پێم وت دایکی بەڵێن ناوی چییە؟ وتی ڕۆژان ( ڕۆژان پووری منە و کوڕەکەی ناوی بەڵێنە) ئینجا وتم بهێنە بەرچاوی خۆت ڕۆژان کۆمەڵەک بەری بەدەستەوەیە و داوام لێکرد لەدوام بڵێتەوە ( ڕۆک & ڕۆژان، ڕۆک & ڕۆژان) چەندین نموونەی تری هاوشێوە. بۆ باشترکردنی تەرکیز وا باشە زۆر لەسەر یەک نەخوێنین. واباشە بۆ ماوەی ٢٥ خولەک بخوێنین و بۆ ماوەی ٥ خولەک پشوو بدەین، بەڵام دەبێت وریا بین لەو ٥ خولەکەی پشووە سۆشیال میدیا بەکار نەهێنین، چونکە سۆشیال میدیا یەکێکە لە دزەکانی کات و بە ٥ خولەک لێی دەربازنابین و کاتێک دەزانین چەندین کاتژمێرە بە دیاریەوەین.

**گۆرانی:**

بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی چەندین شیعرو هۆنراوەی ناسک و جوان لەخۆی دەگرێت، بۆ ئاسانی لەبەرکردن مامۆستا دەتوانێت ئاواز بۆ هۆنراوەکان

دابنێت و بەگۆرانی بیڵێتەوە. یان لەسەر ئاوازی گۆرانییەکانی تر بیڵێتەوە بەمەش زۆر بەئاسانی ئەزبەر دەکرێت.

یان لە بازنەی یەکەم واتە پۆلەکانی یەک و دوو سێ مامۆستا دەبێت هەموو هۆنراوەکان بە ئاوازو گۆرانی بۆ قوتابییەکان بچڕێت چونکە دوو سوودی هەیە هەم ئاسان ئەزبەر دەکرێت هەم تام و چێژەکی تایبەت بە وانەکە دەبەخشێت و قوتابییان لە بێزاری دەپارێزێت.

**پێنج ڕەگەزی سەرەکی هەیە بۆ یارمەتیدانی یادەوەری و هێنانەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی باش:**

١.یەکەمین: واتە ئەگەر کۆمەڵێک زانیاریت هەبێت بتەوێت ئەزبەریان بکەیت، ئەوا لەکاتی ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنیان کامیان لەپلەی یەکەمت دانا ئەوا ئەو زووتر دێتەوە یادت و لەبیرت دەمێنێتەوە.

٢.تازەیی : مرۆڤ زیاتر ئەو ڕوداوانەی دێتەوە یاد کە بەتازەیی لەم دواییانەدا ڕوویانداوە، بەبەراورد لەگەڵ ڕووداوێک ماوەیەکی زۆری بەسەر تێپەڕیوە.

٣.پێکەوە گرێدان: ئەو زانیاریانەت ئاسانتر دێتەوە یاد کە گرێدراون بە شتێکی ترەوە، بۆیە واباشە مرۆڤ هەر زانیارییەکی نوێ کە وەریدەگرێت بیبەستێتەوە بە زانیارییەکی کۆن کە لە مێشکی هەبووە.

٤.شاز و ناوێزە: هەر شتێک کە ڕیزپەڕ و شاز بێت زووتر و زیاتر دێتەوە یادت بەبەراورد لەگەڵ شتی نۆرماڵ و ئاسایی.

٥.پێداچوونەوە: مێشکی مرۆڤ سروشتی وایە ئەو زانیاریانەی کە تێیدا تۆمار دەکرێت پاش ماوەیەک ئاستی بەبیرهاتنەوەی دادەبەزێت، بەڵام هەر زانیارییەکت ئەزبەرکرد پێویستە دوای ٢٤ سەعات دووبارە چاو بەزانیارییەکان بخشێنیتەوە و دوای ٧ ڕۆژ جارێکی تر سکانی زانیارییەکان بکەیتەوە و دوای مانگێک جارێکی تر پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. (بۆزان، ٢٠١٢، ٦٣ ـ ٦٤).

(ئەگەر قوتابی بۆ ماوەی یەک سەعات بخوێنێت، ئەوا پێویستە (١٠ ـ ١٥) پشوو بدات و ئینجا دەست پێبکاتەوە بۆ ئەوەی تەرکیزی کەم نەبێت. بۆ ئەوەی ماوە بدرێت ئەو مادەیە لە مێشکیدا بچەسپێت و پاشان مادەیەکی جیاوازتری بەدوادابێت. خۆ ئەگەر لە شەودا بخوێنێت و پاشان بەدوایدا بخەوێت ئەوا مادەکە باشتر لە مێشکیدا دەچەسپێت، بەمەش بیرهێنانەوە و هاتنەوە یادی زۆر ساناتر دەبێت) (بۆکانی ،٢٠٠٦، ١٧٠)

**ڕاهێنانی ئەزبەرکردنی وشەکان بە شێوازی کۆمیدیا و خەیاڵکردن و چێژ لێ بینین:**

بۆنموونە دەتەوێت ئەم زانیارییانە ئەزبەربکەیت: ( پەتاتە، کورسی، تەلەفزیۆن، بزمار، گۆچان، مێز، ئاو، کەروێشک، ئەستێرە، مێرووستان، مامز): لێرەدا دەتوانی وێنەیەکی پێکەنیناوی لەم وشانە دروست بکەیت : پەتاتەیەک لەسەر کورسییەک دانیشتووە، قاچێکی خستۆتە سەرقاچەکەی تری و تەماشای تەلەفزیۆن دەکات، دەبینیت بزمارێک سەما دەکات و عەینەگێکی لەچاو کردووەو دەستی بە گۆچانەکەوەیە، کە لەسەر مێزەکی ئاوییە. لە تەنیشتییەوە کەروێشکەکی قەڵەو دەستی بە ئەستێرەیەکەوە گرتووەو لەو مێرووڵەیە تووڕەیە کە لەسەر یەک قاچ ڕادەکات، بەڵام زۆر خێرایە و ئاسکەکەش پێناگاتە وزە لە خێرایی ڕاکردن. (الصباغ، ٢٠١٤، ٩٣). شایانی باسە لە هەر هەلومەرج و بارودۆخێکی جەستەیی و دەروونیدا زانیاری چووبێتە مێشکتەوە، لە هەمان بارودۆخدا ئاسانتر دێتەوە یادت و بیرت دەکەوێتەوە. بۆیە باشتر وایە بە شێوەیەک قوتابی بخوێنێت کە بارودۆخی جەستەیی و دەروونی و تەنانەت ڕووناکی و گەرمیی ژوورەکە کە هاوشێوە و هاو جووتە لەگەڵ حاڵەتی ئاسایی ڕێگە پێدراوی ناو هۆڵەکانی خوێندن و تاقیکردنەوە، واتە لەسەر کورسی بخوێنیت باشترە لەوەی بە پاڵکەوتنەوە بخوێنیت. (بۆکانی ،٢٠٠٦، ١٧١).

**ئەنجام:**

١ ) عەقڵی ئاگا و عەقڵی بێ ئاگا ( هەست و نەست) دووعەقڵی جیاوازنین، بەڵکو هەر هەمان عەقڵە بەڵام پەیوەندی بە شەپۆڵەکانی مێشک هەیە، کاتێک شەپۆڵەکانی مێشک لە باری (گاما و بێتا) بێت ئەوا پێیدەوترێ عەقڵی ئاگا و کاتێک شەپۆڵەکان لە باری ( ئەلفا و سێتا و دەلتا) بێت، ئەوا پێیدەوترێت عەقڵی نا ئاگا.

٢ ) مامۆستا دەتوانێت تەکنیکەکانی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی پلەی معلم و مودەریس تێپەڕێنێت و بگات بە پلەی مودەریب. واتە ٨٠%ی زانیارییەکان لە مێشکی قوتابییان بچەسپێنێت.

٣ ) پەروەردەی مۆدێرن گوزارشتە لە فێربوون بەکردار، چونکە دەبیستم لەبیرم دەچێتەوە، دەبینم بەبیرم دێتەوە، بەڵام ئەنجامی دەدەم تا ماوەیەکی یەکجار زۆر لەبیرم ناچێتەوە.

٤ ) مامۆستا دەتوانێت بگات بە عەقڵی نائاگای قوتابییان و چارەسەری بەشێک لە کێشە و ئاریشەکانی قوتابیان بکات و قەناعەت و بیرو باوەڕی نەرێنی قوتابیان بگۆڕێت بۆ بیروباوەڕی ئەرێنی.

٥ ) مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگای دیاریکردنی جۆری کەسایەتی قوتابییان لە ڕووی وەرگرتنی زانیارییەکان هاوکاری و یارمەتی پێشکەشی قوتابییان بکات بەوەی کام ڕێگاو شێوازی وانەوتنەوەو کام ئامرازی وانە وتنەوە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە زۆرترین زانیاری بگەیەنێتە قوتابییان.

٦ ) شارەزابوون لە بنەماکانی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری کاریگەری هەیە لەسەر بابەتی ڕێکخستنی پۆل. ڕەخساندنی کەشێکی ئارام لەناو پۆل، کە بنەمایە بۆ فێربوون، ئەنشتاین دەڵێت: من هەرگیز هەوڵ نادەم قوتابییەکانم فێربکەم، تەنها هەوڵدەدەم کەشی فێربوون بڕەخسێنم بۆ قوتابییەکانم.

٧ ) کارامەیی و لێهاتوویی لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، بە گرتنە بەری هەمان ستراتیژ، (یەحیا غەوسانی) توانی لە ڕێگای کۆمەڵێک پرسیار کەوا ئاڕاستەی کەسێکی کردبوو کە لەماوەی ٥٥ ڕۆژ هەموو قورئانی لەبەر کردبوو،

گەیشتە ئەو ستراتیژیەتە کە ئەو کەسەی بەکاریهێنابوو، ئێستا هەمان ستراتیژیەت بۆ قوتابییەکانی خۆی پەیڕەو دەکات بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

٨) پرۆگرامی زمانەوانی دەماری یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ ئەوەی گەشە بەتواناکانی خۆی بدات، پلانی ستراتیژی تاکە کەسی بەکاربهێنێت بۆ ئەم مەبەستە، چونکە ئەگەر کەسێک خۆی هیچی لەلا نەبێت ناتوانێت هیچ ببەخشێت، بۆیە مامۆستا ئەگەر بیەوێت ببێتە پەروەردەکارێکی سەرکەوتوو و پێشەنگ بێت بۆ قوتابییەکانی دەبێت خۆی زۆر باش پێبگەیەنێت لە هەموو لایەنێکەوە.

**پێشنیازەکان:**

پێشنیاز دەکەین ئەم بابەتە، پرۆگرامی زمانەوانی دەماری (N.L.P ) وەکو مەنهەج لە زانکۆ و قوتابخانەکان بخوێندرێت و وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا چەند مامۆستایەکی پسپۆر لەو بوارە پێبگەیەنێت، ئەوسا کادیر و دەرچووی لێهاتوو کارامە لە زانکۆکان دەردەچن و لە کۆمەڵگا خزمەت دەکەن، زۆر بەوردی دەتوانن گۆڕانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگا دروستبکەن.

**سەرچاوەکان:**


- فەقێ، ئیبراهیم (٢٠١٣)، NLP و هونەری کۆمەنیکەیشنی بێ سنوور، و: گەرمیان موحەمەد، چوارچرا، سلێمانی.
- ـــــــ (٢٠٠٩)، کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە، و: سەروەر حەسەن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
- مستەفا، ئەنوەر احمد (٢٠١٢)، چۆن دەبیتە قوتابییەکی سەرکەوتوو لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی چوارەم، هەولێر.
- بۆزان، تۆنی (٢٠١٢)، مێشک... بەکارهێنانی توانا بێ سنوورەکانی، و: بەختیار ئەحمەد، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر ( ٢٠٠٦ )، لەنێوان هەست و نەستدا، چاپخانەی ڕەنج..
- حوسێن، عەبدوڵلا (٢٠٢١)، وانەکانی زمانەوانی کارەکی، قۆناغی ماستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین.
- تکریتی، محمد (٢٠٠٨ )، ئاسۆی بێ سنوور، و: سەروەر حەسەن، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی..
- صباغ، عبدالرحمن ( ٢٠١٤ )، شێوازەکانی سەعیکردن و هونەرەکانی لەبەرکردنی خێرا، و: تاریق نەجیب، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١١ )، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی سێیەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.


**نامەکان:**


- محەمەدئەمین، ئەژین ئەکرەم (٢٠١٤) ڕۆڵی NLP لە بەرەو پێشبردنی خوێندنی زانکۆییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.
- صالح، دەروون عەبدولڕەحمان (٢٠١٤)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونی تاکدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حەمەد، یارا قادر ،٢٠١٤، گیروگرفتەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**گۆڤارەکان:**

- سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، NLP پرۆگرامی زمانەوانی دەماری، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی، ژمارە ٤٨، لاپەڕە ٣٤٥ ـ ٣٦١.
- بن شهداء، محمد اسماعيل (٢٠١٥)، انتاج اللغة في الدماغ (دراسة في علم اللغة العصبي)، گۆڤاری Lisanu ad-Dhad، ژمارە ٢.
- بوخميس، بوفوله (٢٠١٧)، علم اللغة العصبي والاضطرابات اللغوية العصبية، گۆڤاری النفسانيات، ژمارە (٥٤ ـ ٥٥) (هاوین ـ پایز).

**خولەکان:**

ـ خولی پلانی ستراتیژی تاکەکەسی، ئەکادیمیای عەرەبی نێودەوڵەتی، ٢٠١٤
ـ خولی ناسینی جۆری کەسایەتییەکان، ئەکادیمیای عەرەبی نێودەوڵەتی، ٢٠١٤
ـ خولی بریتش کاونسڵ، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٥
ـ خولی مامۆستای پێشکەوتووخواز، قوتابخانەی لێزانی ناحکومی، هەولێر، ٢٠٢١
ـ خولی بەهێزبوونی یادگە، ئەکادیمیای بونیاد، ٢٠١٦

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- الفقي، ابراهيم (٢٠١٤)، الذاكرة والتركيز (وصناعة التركيز والخرائط الذهنية) ، دار الراية للنشر والتوزيع، مصر.
- ـــــــــ (٢٠١٠) علم التنويم بالاحاء، العالم مؤسسة بداية، القاهرة ـ المصر.
- حجازي، احمد توفيق، (٢٠١١)، العقل الباطن قوة خارقة في اعماق الانسان، دار كنوز المعرفة العلمية، عمان ـ الاردن.
- اغا، كازم ولي (١٩٨١)، علم النفس الفسيولوجي، دار الافاق الجديدة، بيروت لبنان.
- التكريتي، محمد، ( ٢٠٠٣)، افاق بلا حدود (بحث في هندسة نفس الانسانية)، الملتقي للنشر والتوزيع، سورية.
- الكلاب، مريد، (٢٠١٣) ٩ مهارات الاقناع باستخدام لغة الاحاء، دار الراية للنشر والتوزيع، مصر.
- احمد، عطيه سليمان (٢٠١٩)، اللسانيات العصبية (اللغة في الدماغ)، الآكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة.

- قطامي، يوسف وعدس، عبدالرحمن،٢٠٠٢، علم النفس العام، دار الفكر، الاردن.
- حنصالي، مريامه (٢٠١٥)، تشريح وفسيولوجيا الجهاز العصبي المركزي، جامعة : محمد خيضر- بسكرة.
- علم النفس العصبي: ٢٠٠١ جامعة الامارات، الطبعة الاولى.
- دويدار، عبدالفتاح محمد (٢٠٠٦) الأساس البيولوجي و الفيزيولوجي للشخصية من المنظور السيكولوجي، دار المعرفة الجامعية، مصر.
- كامل، عبدالوهاب محمد (١٩٩٤) علم النفس الفيسيولوجي - مقدمة في الأسس السيكوفسيولوجية و النيورولوجية للسلوك الانساني، ط٢، المصطفى.
- الشقيرات، محمد عبدالرحمان ( ٢٠٠٥ ) مقدمة في علم النفس العصبي، دار الشروق للنشر و التوزيع. عمان الأردن.

## الملخص

## اللسانيات العصبية، وأثر (NLP) في البناء المعرفي لدى مدرسي اللغة الكوردية (مدارس أربيل أنموذجا)

هذا البحث الموسوم ب (اللسانيات العصبية، وأثر (NLP) في البناء المعرفي لدى مدرسي اللغة الكوردية -مدارس أربيل أنموذجا) يحمل في طياته رسالة بنّاءة، تهدف إلى تطوير قدرات المدرسين، الذين هم قدوة المجتمع ورواده، يبغي من خلالها تطوير قطاع التربية والتعليم، وبناء جيل مثقف شغوف للعلم، وصاحب رؤية ورسالة وهدف مقصود، كل ذلك من أجل تنمية وإصلاح المجتمع الكوردي. تتكون هذه الدراسة من قسمين، نتناول في القسم الأول منها: اللسانيات العصبية، ونعرض فيه معلومات أساسية عن دماغ الإنسان، وموجات الدماغ، والفصين اللذين يمتلكهما كل إنسان، والعقل الواعي والعقل اللاواعي.أما في القسم الثاني فأتحدث عن أثر(NLP) في تطوير ورفع قدرات مدرسي اللغة الكوردية، كما أحاول عرض الفروقات التي تكمن بين مدرسين، دخل أحدهما دورة (NLP)، والآخر ليس له أي معلومات عن هذه التقنية، كما يتناول هذا القسم: التخطيط الاستراتيجي الشخصي، لغرض تطوير قدرات المدرسين، كما يولي أهمية بطرق اكتساب المعارف والمعلومات، وأتكلم أيضا فيه عن تقوية الذاكرة واسترجاع المعلومات، كذلك أتعرض فيه عن عملية تبادل المعلومات بين المدرسين والطلاب. هذه الدراسة تندرج في إطار ما يسمى ب (اللسانيات العصبية والنفسية)، والتي هي فرع من فروع اللسانيات التطبيقية.


**الكلمات الدالة:** اللسانيات العصبية، NLP، المدرس صاحب رؤية ورسالة وهدف مقصود، التربية العصرية الحديثة، اعاده البناء المعرفي للمدرس.

# Abstract

## Neurolinguistics and the Role of N.L.P in Rebuilding Kurdish-Language Teachers - Erbil schools as an Example

This study is titled (Neurolinguistics and the Role of N.L.P in Rebuilding Kurdish-Language Teachers - Erbil schools as an Example); its aim and purpose is to improve teachers' abilities because teachers are considered the leaders of the nation, through whom the education sector develops and creates a generation of intellectuals, scientists, visionaries, and goals. All of them are in the service of revival and renaissance in the Kurdish community. This paper includes two parts. The first part talks about Neurolinguistics and some information about the human brain and the waves of the brain and both halves of the brain and then the mind.

The second part talks about the role of the NLP in improving the skills and potentials of Kurdish language teachers, as well as the difference between the two teachers are explicitly shown. One of whom has experienced the NLP course, whereas the other one has no experience in the field. The individual's strategic plan is also discussed to further enhance the teachers' abilities. The methods of receiving information and strengthening the memory and focus are discussed. We will also talk about the process of exchanging information between teachers and students. This study falls within the frame of (Neurolinguistics and psycholinguistics), which is a part of the applied linguistic.


**Key words**: Neurolinguistics, N.L.P, Kurdish language teachers, modern education, Rebuilding.